Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ناوچەی خۆشناوەتیی لە مێژووی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیی دا

**م.د. موحەممەد ئەحمەد ئیبراهیم**

**بەشی مێژوو-فاکەڵتیی ئاداب-زانکۆی سۆران**

mohammed.ibrahim@soran.edu.iq

## پوختە:

لەم توێژینەوەیەدا؛ تیشك ئەخرێتە سەر لایەنی بەرەوپێشچوونی مێژووی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی عوسمانیی لە ناوچەی خۆشناوەتیی، کە ڕۆڵێکی کاریگەری وەك یەکەکی کۆمەڵایەتیی-خێڵەکیی لە سەردەمی عوسمانیی دا هەبووە، کە ناوەندەکەی شارۆچکەی شەقڵاوە و بالیسان بووە، هەر بۆیە ناوی خۆشناویش وەك ناوی هۆز و ناوچەیەك و لە هەمان کاتیشدا وەك ناوی یەکەیەکی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی ئامادەیی هەبووە. لەهەمانکاتیشدا کەوتبووە ژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسیی، کارگێڕیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی سەردەمی عوسمانیی، بەڵام لە سییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانیی بەرانبەر بە ناوچە کوردنشینەکان گۆڕا، بە بیانووی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتیی عوسمانیی بۆ کوردستان، بۆیە بە تەواویی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە لە ڕێگەی سەپاندنی سیستەمی ناوەندێتیی لە بەڕێوەبردن و کاری کارگێڕیی بەسەر ناوچەی خۆشناوەتیی سەپێنراوەتەوە، هەروەها ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نووسینەوەی مێژووی کارگێڕییە، کە کەمتر تیشکی خراوەتە سەر، ئەمەش وەك لایەنی مێژووی پەرەسەندنی کارگێڕیی، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کوردستان بە گشتیی و ناوچەی خۆشناوەتییش بە تایبەتیی لە شێوازی بەڕێوەبردن و چۆنیەتیی دامەزراندنی پەیکەری کارگێڕیی و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی دەسەڵاتی عوسمانیی دا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیە، ئەوەیە؛ چۆن دەسەڵات و کارگێڕیی عوسمانیی لە ناوچەی خۆشناوەتیی پەرەی سەندووە, بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵگە و شرۆڤەی بەڵگەدارەوە بداتەوە.

**کلیلە وشەکان: دەوڵەتی عوسمانیی، مووسڵ، کۆیسەنجەق، شەقڵاوە، خۆشناوەتیی، ساڵنامە.**

Recieved: 26/11/2023

Accepted: 12/2/2024



E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ناوچەی خۆشناوەتیی لە مێژووی پەرەسەندنی دەسەڵاتیی دەوڵەتی عوسمانیی دا، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان شوێنی بە یەکگەیشتنی سنووری چەندین هۆزی گەورە بووە، هەروەها لە دەوروبەریشدا چەندین هۆز هەبوون، وەك: بڵباسەکان، سوورچیەکان، پشدەرییەکان و هەرووتییەکان..هتد هەر بۆیە ئامادەیی ژیانکردنیان لەگەڵ هۆزی خۆشناو هەبووە، بەتایبەتیش لە رووی جڤاکیی، ئابووریی، سیاسیی و سەربازییەوە.

شایانی باسە؛ خۆشناوەتیی لە کارگێڕیی عوسمانیی، بە تایبەتی لە چوارچێوەی سەنجەقەکانی هەریر-دوین و کۆیە دابووە، بەڵام بە واقیعیی سیاسی-سەربازی بەشێك بووە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران، هەندێک جاریش بووە بە ناوچەیەك لە ململانێی نێوان میرنشینەکانی بابان و سۆران، بەڵام لەسەردەمی (میر موحەممەد پاشا)ی ڕواندز لە ماوەی ساڵانی (١٨١٣-١٨٣٧)، ناوچەی خۆشناوەتیی شوێنێکی گرنگ بووە لە پارێزگاریکردنی قەڵا، قوللە و تەنگەکان، یان درەوە چیایەکان وەك دەروازەیەك وا بووە بۆ گەیشتن بە شاری ڕواندز، کە پایتەختی میرنشینی سۆران بووە، هەروەها دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتیی عوسمانیی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ لە (١٨٣٨)، تاوەکو رووخانی دەسەڵاتەکەی لە کوردستان لە ساڵی (١٩١٨)، بۆیە ناوچەی خۆشناوەتیی لە رووی کارگێڕییەوە بە ئەیالەتەکانی شارەزوور لە (١٨٤٩-١٨٥٢)، هەروەها ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور لەماوەی ساڵانی (١٨٥٢-١٨٧٢) بەسترایەوە، بەڵام بۆ جارێکی تریش لە دوای لادانی ناوی ئەیالەتی شارەزوور، ناوچەی خۆشناوەتیی خرایەسەر ئەیالەتی بەغدا لە ماوەی ساڵانی (١٨٧٢-١٨٧٩)، بەڵام لە دوای ساڵی (١٨٧٩) بەیەکجاری ناوچەی خۆشناوەتیی لە رووی کارگێڕییەوە بە ویلایەتی مووسڵ بەسترایەوە، ئەمەش لە سەنجەقی شارەزوور کە ناوەندەکەی شاری کەرکوك بووە، سەنجەقی ناوبراو چەند قەزایەکی هەبووە. لەوانە؛ قەزای کۆیە کە تاوەکو ساڵی (١٩١٨) ناوچەی خۆشناوەتیی هەر لە چوارچێوەی ئەم قەزایە دابوو و هەندێکجاریش وەك دوو ناحیە (شەقڵاوە، بالیسان)، هەندێک جاری تریش بەهەبوونی یەك ناحیە (شەقڵاوە)لە پەیکەری کارگێڕیی عوسمانیی مایەوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە: بەجێهێنانی ئەم توێژینەوە بۆ لایەنی ژیاریی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە تایبەتیی بۆ یارمەتییدانی توێژەران لە نووسینەوەی مێژووی خۆجێی گرنگییەکی زۆری هەیە، بە تایبەتییش لە وردبووەنەوەی توێژینەوەی تایبەتمەند لە رووی پەرەسەندنی مێژووی کارگێڕیی، کۆمەڵایەتیی، کولتووریی، ئابووریی، بازرگانیی و خوێندەواریی..هتد. بۆیە ئەم توێژینەوەیە؛ وەك سەرەتایەك لە خستنەڕووی مێژووی کارگێڕیی عوسمانیی لە ناوچەی خۆشناوەتیی ئەخاتە بەرباس، ئەمەش ئەبێتە هۆکاری کردنەوەی چەندین دەرگای دیکە بۆ زیاتر تێڕوانین و نووسینەوەی مێژووی زیاتری ناوچەی خۆشناوەتیی بە پێی بەڵگەنامە، نووسراوە حکومییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی، سەرچاوە مێژوویەکان و نووسینی گەڕیدە بیانییەکان.

هۆکاری توێژینەوە: ناوچەی خۆشناوەتیی بایەخێکی گەورەی مێژوویی لە رووی شێوەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی-خێڵەکیی و ئایینیی هەیە، چونکە بە بەردەوامی قوتابخانەی گەورەی فێربوونی زانستە شەرعییەکان لەم ناوچەیە ئامادەییان هەبووە، بە تایبەتیی لە رووی کاریگەریی درووستکردن لەسەر

ناوچەکانی دەوروبەریدا، بۆیە وەك ناوەندێکی زانست و زانیاریی بووە، هەروەها بە بەردەوامی روو لە گەشانەوەی زانستیی و فێربوونی زانستە جیاوازەکاندا بووە، هەر بۆیە شوێنێکی ئاوا گرنگ لە سێ رەهەندەوە جێگەی بایەخی توێژینەوەی زانستییە: یەکەم: لە رووی پێکهاتەی خێڵ و شێوەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە. دووەم: لە رووی زانست و زانیاریی وەك مەڵبەندێکی گەورەی زانستیی لە کوردستانی عوسمانیی دا. سێیەم: لە رووی سەربازیی و سیاسییەوە، کە بە بەردەوامی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بە تایبەتیی دوای ئەوەی شەقڵاوە بووە بە پایتەختی میرنشینی سۆران، هەر بۆیە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ خستنەڕووی زانیاریی وردی مێژوویییە لە سەر ناوچەی خۆشناوەتیی لە کارگێڕیی عوسمانیی دا.

ئامانجی توێژینەوە: یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی مێژوو و درووستبوونی یەکە کارگێڕییەکانە، هەروەها شێوەی پێکهاتن و پەیکەری کارگێڕیی عوسمانییە لەناوچەی خۆشناوەتییدا، بۆیە بەئامانجی خستنەڕووی مێژووی کارگێریی و بەڕێوەبردنی عوسمانی، کە لە توێژینەوەی مێژوونووسی کوردییدا زۆر بەکەمیی کاری لەسەر کراوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی بەردەست نەبوونی بەڵگەنامە، نووسراوە حکومییەکانی عوسمانیی و سەرچاوە تایبەتمەندەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی کارگێڕیی کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی دا.

گرفتەکانی توێژینەوە: کارکردن لەسەر نووسینەوەی مێژووی کورد، بە تایبەتی لایەنە ژیارییەکانی وەك مێژووی پەرەسەندنی کارگێڕیی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی دا، کارێکی سەخت و گرانە، بە تایبەتیی بۆ ئەو ناوچانەی کە وەك خۆشناوەتیی لە چوارچێوەی ناحیە و یەکەی هۆزایەتیی لە نێو سیستەمی کارگێڕیی عوسمانیی دا رێکخرابوون، چونکە کەمترین زانیاریی لە نووسراوە عوسمانییەکان دەست ئەکەوێت، بە تایبەتیی لە ساڵنامەکاندا، بۆیە گرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە ئەمانە بوون، هەروەها نزیکەی هەشتا ساڵنامەی جۆراوجۆر لەبەردەستی توێژەردا هەبوون، بەڵام زۆر بە کەمیی باسیان لەناوچەی خۆشناوەتیی کردوە، بە تەواویی و بە شێوەیەکی ورد زانیارییەکان نەخراونەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا کەمترین توێژینەوەی مێژووی کورد لەبواری مێژووی کارگێڕیی کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتیی عوسمانیی نووسراون، کەچیی زۆرینەی ئەوانەی نووسراویشن؛ لەسەر ناوەندی ویلایەتەکان و کوردستانیی سەردەمی عوسمانیی بووە، بۆیە بۆ نووسینەوەی مێژووی ناوچەی خۆشناوەتیی لە (سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانیی) لە شاری ئیستانبووڵ گەڕان و لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆ دەستخستنی بەڵگەنامە و سەرچاوە بنەڕەتییەکان پێویستە.

پێکهاتەی توێژینەوە: لە پێشەکییەك و دەروازەیەك، سێ تەوەری سەرەکیی و دەرئەنجامەکانی توێژینەوە پێکهاتووە، لە دەروازەدا تیشکخراوەتە سەر جیۆگرافیا و مێژووی ناوچەی خۆشناوەتیی لە سەدەکانی ناوەڕاست تا سەدەی بیستەم، بەڵام لە تەوەری یەکەمدا: کار لەسەر مێژووی پەرەسەندنی هەژموونی دەوڵەتی عوسمانیی لە ناوچەی خۆشناوەتیی و بارودۆخی ناوچەی خۆشناوەتیی لە سەردەمی حوکومڕانیی عوسمانیی کراوە، لەگەڵ پێکدادانی نێوان هۆزەکانی ناوچەکە لە سەر دەسەڵات، بە تایبەتیی لەشەڕ و ململانێیی نێوان میراتگرانی میرنشینی سۆران و داسنییەکان، هەروەها بابان و سۆران. لەتەوەری دووەمدا: کار لە سەر مێژووی پەرەسەندنی کارگێڕیی عوسمانیی لە سەدەی شانزەهەم تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم

کـراوە. لەتـەوەری سـێیەمدا: بـە پێـی سـاڵنامەکانی دەوڵەتـی عوسـمانیی و سـاڵنامەی ویلایەتەکانـی: بەغـدا و مووسـڵ کار لـە سـەر ڕۆشـنکردنەوەی لایەنـی کارگێڕیـی عوسـمانیی لـە ناوچـەی خۆشـناوەتیی کـراوە و لـە کۆتایشـدا ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە خراونەتـەڕوو.

سـەرچاوەکانی توێژینـەوە: سـەرچاوەکانی ئـەم توێژینەوەیـە، بەشـێوەیەکی گشـتیی پشـتی بـە چەنـد بەڵگەنامەیەکـی بڵاونەکـراوە لـە دەفتەرەکانـی سـاڵانەی عوسـمانیی بەسـتووە. وەك: دەفتـەری سـاڵانەی تیـمار و زەعامـەت (Timar-Zeamet Ruznameçe Defteri) و دەفتـەری کارە گرنگـەکان (مهمـه دفـتری) کـە بـۆ سـاڵی (١٧٤٥)ز ئەگەڕێتـەوە، هەروەهـا سـاڵنامەکانی دەوڵەتـی عوسـمانیی لـە مـاوەی سـاڵانی (١٨٥٠-١٨٧٢) کـە دوای ئـەو ماوەیـە لـە سـاڵنامەکانی تـری عوسـمانیی زانیارییـەکان وەك یـەك دووبـارە کراونەتـەوە، هەروەهـا سـاڵنامەکانی ویلایەتـی بەغـدا لـە مـاوەی سـاڵانی (١٨٧٥-١٩١١)، سـاڵنامەکانی ویلایەتـی مووسـڵ لەمـاوەی سـاڵانی(١٨٩٤-١٩١٢)، کـە هەمـوو ئـەم سـاڵنامانە زانیاریـی سـەرەتایی لـە بـارەی مێـژووی پەرەسـەندن و پەیکـەری کارگێڕیـی عوسـمانیی لەناوچـەی خۆشـناوەتیی خسـتۆتەڕوو، کـە یارمەتـی توێژەریـان لـە تەواوکردنـی ئـەم توێژینەوەیـە داوە، بـەڵام بـۆ نووسـینەوەی مێـژووی کارگێڕیـی عوسـمانیی لـە ناوچـەی خۆشـناوەتیی، هێشـتا وردبوونـەوە و گەڕانـی زیاتـری ئەوێـت، هەروەهـا کتێبـی (دفـتر تحریـر مفصـل وإجـمال ولايـة أربيـل ٩٤٩هــ/١٥٤٢م) کـە (پ.د. خەلیـل عەلـی مـوراد) لـە زمانـی تورکیـ-عوسـمانیی بـۆ سـەر زمانـی عەرەبیـی وەریگێـڕاوە و یەکێکـە لـەو سـەرچاوە گرینگانـەی لـە نووسـینەوەی مێـژووی ناوچـەی خۆشـناوەتیی سـوودی لێوەرگیـراوە و بـە تایبەتییـش بـۆ مـاوەی نیـوەی یەکـەم لـە سـەدەی شـانزەهەمدا، هەروەهـا کتێبـی (سـیاحتنامه حـدود) لـە نووسـینی (موحەممـەد خورشـید پاشـا)، ئەمـەش سـەرچاوەیەکی تـری گرنگـە لـە نووسـینەوەی مێـژووی کارگێڕیـی ناوچـەی خۆشـناوەتیی لـە دوای نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهـەم، بـە تایبەتییـش لـە زانینـی بارودۆخـی جڤاکیـی و ئابووریـی ناوچـەی خۆشـناوەتیی.

## دەروازە: پوختەیەکی جیۆگرافیی و مێژوویی ناوچەی خۆشناوەتیی:

جیۆگرافیـای ناوچـەی خۆشـناوەتیی لـە باشـووری کوردسـتان، کەوتۆتـە نێوان پارێزگاکانـی هەولێـر و سـلێمانیی، هـەر بۆیـە دیاریکردنـی سـنووری ناوچـەی خۆشـناوەتیی لەلایـەن کۆمەڵێـك لـە توێـژەران دیاریکـراوە، کـە لـە باکـووری خۆرهەڵاتـەوە بـۆ باکـووری خۆرئـاوای لـە شـارۆچکەی سـەرۆچاوە، کـە بـە چیـای ماکـۆك دەسـت پـێ ئـەکات  و پاشـان بـەرەو چیـای بێترخێـن، کارۆخ، ئاراسـن، گونـدی مەلـەکان، گۆڕەشـێر و تارینانـی سـەروو و خەتـێ، ئینجـا بـۆ پیرمـام و گونـدی بانەمـان لـە باشـووری خۆرئـاوای، هـەر لـە بانەمانیـش بـۆ دەربەنـدی گۆمەسـپان و گوندەکانـی سـماقولی بـۆ باشـووری خۆرهـەڵات، لەدوایـن خاڵیشـدا بـۆ گونـدی قاقا، گردگـۆران، قاجـە، کانـی تـووان، میـراوا و رووبـاری سـەروچاوە و شـارۆچکەی سـەروچاوە لـە باکـووری خۆرهەڵاتیـدا. (محەمەدئەمیـن ٢٠١٧-ب١: ١٢)، سـەرەڕای ئـەم سـنوورەی ناوچـەی خۆشـناوەتیی خرایـەڕوو، بـەڵام توێژینـەوەی تریـش هـەن، کـە بـە دوور و درێـژی سـنووری ناوچەکەیـان بـە رووی پانیـی و درێژایـی ناوچەکەیـان خسـتۆتەڕوو، ئەمـەش بـە ئامانجـی دیاریکردنـی سـنوورێکی بەرفـراوان و خسـتنەڕووی نـاوی هەمـوو گونـدە سـەرەکییەکانی، کـە پێکهێنـەری سـەرەکیی نـاو و سـنووری ناوچـەی خۆشـناوەتین و لـە نزیکـەی (١٧٠) گوندیـش پێکهاتووە(محەمەدئەمیـن،٢٠١٧-ب١:   ١٢).

سەبارەت بە ناوی خۆشناو وەك ناوچەیەکی جیۆگرافیی و هۆزایەتیی لەلایەن مێژوونووسیی چاخەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، وەك: فەزڵوڵڵا ئەلعومەریی لە کتێبی (مسالك الأبصار) وەك هۆزێك ناوی هێنراوە، هەروەها ئاماژەی بە ناوی شەقڵاوەش کردووە، کە ناوەندی وڵاتی سۆران بووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو بۆچوونەی کە دواتر شەقڵاوە ئەبێت بە یەکێك لە پایتەختە لە پێشینەکانی میرنشینی سۆران لە سەدەی شانزەهەمدا، هەروەها ناوی شەقڵاوە و هۆزی خۆشناو لە کتێبی (صبح الأعشى) کە لەلایەن مێژوونووس و گەڕیدەی سەدەی پانزەهەم. وەك؛ قەلقەشەندیی لە ساڵی (٨١٤ك-١٤٢١ ز ئاماژەی پێکراوە و نووسیویەتی:»نەتەوەیەك لەم ناوچەیەی شەقڵاوە و هاودیان و دەشتی هەریر و دەربەندی گەورە نیشتەجێن، کە قەومی سۆرانیەکانن»(بابان، ٢٠١٣: ١٠٧، ١٧٩)، وادیارە بە پێی گۆڕان لە جووڵەی دانیشتوان بە هۆکاری شەڕ و ململانێی نێوان دەوڵەتانی شەڕکەر لە سەر خاکی کوردستان، یان لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان هۆزەکان و میرنشینەکاندا، سرووشتی نیشتەجێبوونی هۆز و تیرەکانی ناوچەی خۆشناوەتیی ئاڵوگۆڕی تیارووبداوە، لە هەمان کاتیشدا هۆزی نوێ لەناوچەکە نیشتەجێ بوونە، لەوانە: هۆزی خۆشناو، کە یەکێک لە بەربڵاوترینی هۆزەکانی ناو سنووری میرنشینی سۆرانیش بووە.

شایانی باسە؛ دانیشتووانی ناوچەی خۆشناوەتیی لەنێوان چەند یەکەیەکی کارگێڕیی جیاواز لەسەر ئاستی باشووری کوردستان دابەشبوون، بۆ نموونە: قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر، کە شاری شەقڵاوە ناوەندی کارگێڕییەکەیەتی و زۆرینەی دانیشتووانی لە هۆزی خۆشناون، هەروەها لە قەزاکانی کۆیە، سەڵاحەددین(پیرمام) و ناحیەکانی: بالیسان و هیران،هەریر، باسرمە وکۆڕێ، ئاشتیی، سکتان و سێگردکان لە پارێزگای هەولێریش نیشتەجێ بوون، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی هۆزی خۆشناو کەوتوونەتە ناو کارگێڕیی ئیدارەی سەربەخۆیی ڕاپەرین بە تایبەتی لە قەزای ناوەندی رانیە و ناحیەکانی: سەروچاوە، حاجیاوا و بێتواتە، کە ئەمەی دواییان چڕترین یەکەی کارگێڕیی ناوچەنشینی هۆزی خۆشناوە لە سەرانسەری پارێزگای سلێمانیی دا (غەفوور، ٢٠٠٥: ١٦-١٧؛ پلاندانان، ٢٠٠٩: ٢١-٢٧، ٣٥-٣٦، ٩٨-١٠١)، بەڵام زۆرجاریش یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی خۆشناوەتیی هەڵوەشێنراونەتەوە، بۆ نموونە: ناحیەی خۆشناو (هیران) لە ئامارەکانی حوکومەتی عێراقیی لە تشرینی یەکەمی (١٩٧٧) تۆمارکراو بووە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستنی گوندەکانی باشووری کوردستان و وێرانکردنی ناوەندی شار و شارۆچکەکان لە ئامارەکانی (١٩٨٧) یەکەی کارگێڕیی ناحیەی خۆشناو (هیران) هەڵوەشێنراوەتەوە، تاوەکو دوای ساڵی (١٩٩١) (غەفوور، ٢٠٠٥: ١٧-٢٠)، بۆیە دووبارە لە ساڵی (١٩٩٢) یەکەی کارگێڕیی ناحیەی خۆشناو (هیران ) پێکهێنرایەوە، ئەمەش لە دوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١٨) لە ڕۆژی (٢٢)ی ئەیلولی (١٩٩٢) لەلایەن پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ئەوکات (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق)بووە، هەر بۆیە بڕیارەکەی پەرلەمان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاری هەولێر لە ڕۆژانی (٥-١٠)ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢ جێبەجێکرا و دووبارە ناحیەی خۆشناو لە چوارچێوەی قەزای شەقڵاوە بە هەمان سنووری جارانی و ناوەندەکەیشی شارەدێی (هیران) بووە پێکهێنرایەوە(غەفوور، ٢٠٢٠: ١٨-٢٠).

سەبارەت بە ڕەوشی دانیشتووان، مێژووی هاتنی هۆزی خۆشناو و سەرۆکەکانیان، بیروڕای جۆراوجۆر دەربارەیان هەیە، لەوانە (مارك سایکس) لە نووسینێکیدا لە ساڵی (١٩٠٨) بەناونیشانی: (هۆزەکانی کورد لە ئیمپراتۆریای عوسمانیی داThe Kurdish Tribes of the Ottoman Empire) کە لە گۆڤاری شاهانەی

مرۆڤناسیی ئینستیتیوتی بەریتانیای مەزن و ئێرلەندا بڵاویکردۆتەوە، ژمارەی هۆزی خۆشناوی بە دوو هەزار خێزانی نیشتەجێ بوو خەمڵاندووە، ئەگەر هەر خێزانێکیش لە حەوت کەس پێکهاتبووبێت، ئەوا ژمارەی خەمڵێنراو گەیشتۆتە نزیکەی چواردە هەزار کەس لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا(Sykes, ١٩٠٨: ٤٥٧)، بەڵام گەڕیدەیەکی تر بەناوی (جۆن گۆردۆن لۆریمەر) لە ماوەی (١٨-٣٠)ی نیسانی (١٩١٠) سەردانی ناوچەی خۆشناوەتیی کردوە، باسی لە هاتنی هۆزی خۆشناو بۆ ناوچەی خۆشناوەتیی کردووە، کە لە شاری سنەی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون، هەروەها مەزندەی ئەوەیشی کردووە کە لە رووی ژمارەوە هۆزی خۆشناو لە دوای هۆزی جافەوە هاتووە، بەڵام هەر یەك لە هۆزەکانی دزەیی و گەردی لە رووی ژمارەوە لەدوای هۆزی خۆشناوەوە هاتوون، (گۆردۆن لۆریمەر)، هۆزی خۆشناو بە سەرۆکەکانیانەوە دابەشی سەر سێ تیرە و ناوچەی قەڵەمڕەوییەکەیان ئەکات، وەك: تیرەی (میر مەحمەلی)، کە بایەزید (بایز) بەگ لە ١٩١٠ سەرۆکیان بووە و لە هەمان کاتیشدا میری شەقڵاوە بووە، تیرەی (میر یوسفی)، کە (خدر بەگ) سەرۆکی ئەو تیرەیە بووە و مەڵبەندەکەی گوندی بالیسان بووە، تیرەی (پشتگەلی)، (ئەحمەد بەگ) سەرۆکی ئەو تیرەیە بووە و مەڵبەندەکەی گوندی بێتواتە بووە.

هەروەها (ویلیام ئیگلتۆن)یش باسی بارودۆخی هۆزی خۆشناوی کردووە، ناوبراو پشتی بە زانیارییەکانی مارك سایکسی بەستووە، بەڵام هەندێ زانیاری تری زیاد کردووە و ئەنووسێ: «ئەم هۆزە گەورە و دەوڵەمەندە بە چڕیی لە شارۆچکەی شەقڵاوە لەسەر رێگای سەرەکیی (هەولێر) بۆ سنووری ئێران کۆبووەونەتەوە، بەگ و ئاغاکانیان لە ناوچەی سنەی ئێران لە سەدەی هەژدەهەمدا هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، وەك سەرۆك هۆزەکانی دزەیی و جافەکان».(ایغلتون، ٢٠٠٦: ١٠١). هەروەها لە راپۆرتێکی تایبەتی کۆمسیۆنی باڵای مەدەنیی بەریتانییەکانیش لە بەغدا بەناونیشانی: (Notes on The Tribes of Southern Kurdistan, Between The Great Zab and The Dialah: چەردەیەك لەسەر هۆزەکانی باشووری کوردستان لەنێوان زێی گەورە و دیالەدا) کە لە ساڵی (١٩١٩) لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، پەیکەری بەڕێوەبردنی هۆزی خۆشناو، سەرۆك تیرە و بەشەکانی نووسیوون و بەمشێوەیە تۆماری کردوون:

میر مەهملی (میر مەحمەلی)، سەرۆکەکەی (قادر بەگ و رەشید بەگ)، ژمارەی گوندەکان(٣٦).

میر یوسفی، سەرۆکەکەی (ساڵح بەگ و خدر بەگ)، ژمارەی گوندەکانی(٢٨).

بشت گلی(پشتگەلی)، سەرۆکەکەی (ئەحمەد بەگ)، ژمارەی گوندەکانی(٢٩). (خورشید، ١٩٧٩: ٩٣)، هەر لەم راپۆرتەدا هێزی شەڕکەری هۆزی خۆشناو بە وردیی خراوەتەوە روو، لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی خێڵەکیی کە لەگەڵ هۆز و خێڵەکانی تری جیایکردونەتەوە، هەروەها هێزی چەکداریی هۆزی خۆشناویشی بەهەزار کەس لە سوارە و پیادە مەزەندە کردووە، کە هەمووی ناوچەی شەقڵاوە و چەندین گوندی دەوڵەمەندی لە خۆگرتووە، لەگەڵ ئەوەی بە تایبەتمەندیی و بایەخی زۆر جیاوازی لەگەڵ هۆزەکانی تردا جیاکراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم هۆزە ئازایەتییەکی بێ هاوتایان هەبووە و شەڕیان لە دژی داگیرکاریی رووسیی بۆ سەر ناوچەی رەواندز لە(ئایاری ١٩١٦) کردووە و تیادا سەرکەوتوو بوون(خورشید، ١٩٧٩: ٩٤).

تەوەری یەکەم: بارودۆخی ناوچەی خۆشناوەتیی لە ماوەی حوکمڕانیی عوسمانیی و میرنشینە کوردییەکاندا:

لەسەردەمی عوسمانیی بەڕێوەبردنی خێڵ و ناوچەکان، بە شێوازێك لە شێوازەکان سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنێکی ناوخۆیی بە سەرۆك خێڵ و میری ناوچەکانی کوردستان بەخشیبووە، بە تایبەتیی لە سەرەتای هەژموونکردنی عوسمانییەکان بە سەر کوردستان لە سەدەی شانزەهەم تا ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام میر و سەرۆك خێڵەکانی کوردیش خۆیان موفتی و قازییە شەرعییەکانیان هەڵبژاردووە، بۆیە وەك ئەو مامەڵەیە نەبووە کە عوسمانیییەکان لە ناوچە عەرەبییەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆك خێڵەکانی عەرەب (الشیوخ) پەیڕەوییان لێئەکرد، بەڵکو ئەبووایە فەرمانی سوڵتان کە بە (نیشان همایونی_ فەرمانی سوڵتانی) ناسراو بووە لە ئیستانبووڵ دەرچوێندرا بووایە، هەموو خێڵ و ئەندامەکانی هاووڵاتیی عوسمانیی بوون، ئەبوایە باج بە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی خۆیان بدەن(علی، ٢٠١٠: ١١٤-١١٥)، بەڵام بوونی ئەم جیاوازییە لە نێوان ناوچەکاندا بۆ چەند هۆکارێکی بنچینەیی ئەگەڕایەوە، لەوانە؛ یەکەم: دەوڵەتی عوسمانیی مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ نەتەوە و ئاینزا جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پەیڕەو ئەکرد، بە جیاوازی هەر یەکێك لەمانە بە هۆکاری هەڵکەوتەی جیۆگرافیی، جیاوازیی کولتوور و دابوونەریتی هەر یەکێکیان بووەە. دووەم: کورد لەسەرەتای پەیدابوونی هەژموونی دەسەڵاتی عوسمانیی، رێککەوتنێکی هەمەلایەنەی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی بە میانگیری مەلا ئیدریسی بدلیسیی مۆر کردبوو، بۆیە لە کوردستانی سەردەمی عوسمانیی دا ژیانی خێڵە کۆچەری و نیشتەجێبووەکانی بۆ ماوەی چوار سەدە لە نێوان شەڕ و ئاشتی بەردەوامی پێدرا.

شایانی باسە؛ ناوچەی خۆشناوەتیی لە ساڵی ١٥٣٥ز رووبەڕووی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانیی بوویەوە و ئەمەش لە دوای ئەوەی سوڵتان سلێمانی قانوونیی (١٥٢٠-١٥٦٦) لە ناوچەی گۆپتەپە لە (١٨)ی نیسانی (١٥٣٥ز)سەری (عزەددین شێر عەلی بەگ)ی میری میرنشینی سۆران و دوو لە هاوڕێکانی لە لاشەیانی جیاکردنەوە، بە بیانووی هاوکاریی و پەیمان بەستن بە نهێنیی لەگەڵ دوژمنەکانیان (سەفەویەکان-قزڵباشەکان)، هەر لە دوای ئەم ڕووداوەدا دەوڵەتی عوسمانیی یەکێك لە مەڵبەندەکانی خۆشناوەتیی (شەقڵاوە) کە لە چوارچێوەی میرنشینی سۆران دابووە، بڕیاری لکاندنی بە دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانییشدا(زادە، ٢٠٠٣: ١١٠-١١١)، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە لە سەدەی شانزەهەم کە ئامادەیی دەسەڵات، ژیار و ژیانی کورد لە ناوچەی خۆشناوەتیی ئەسەلمێنێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەلماندنی ئەو راستیەشە کە ناوچەی خۆشناوەتیی کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماری عوسمانییەکان، هەر بۆیە قۆناغێکی نوێ لە ململانێ و شەڕی نێوان میرنشینەکان و دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەی خۆشناوەتیی ئەهێنێتەکایەوە.

لەدوای رووداوی کوشتنی میری میرنشینی سۆران، دەوڵەتی عوسمانیی میر (حوسێن بەگی داسنی) بە سەر قەڵەمڕەوی میرنشینی سۆران دانا، لەوکاتدا ناوچەی خۆشناوەتیی کەوتە چەقی ململانێی سەربازی نێوان میراتگرانی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران و لایەنگرانی میرنشینی داسنی، بە تایبەتی لەنێوان (حوسێن بەگی داسن-١٥٦٤)ی و میر (سەیفەددینی کوڕی میر حوسێنی کوڕی پیر بوداق)ی سۆران لە ماوەی دەیەی چوارەمی سەدەی شانزەهەمدا (بدلیسی، ٢٠١٧: ٤٤٢-٤٤٣)، ئەم ململانێیە بەردەوام بوو تا دوای گرتنەوەی ناوچەکانی خۆشناوەتیی، هەولێر، هەریر و دواین لەلایەن میری ناوبراوی سۆران، بەڵام شەڕ و ململانێی نێوان (سۆران و داسنیەکان) هەر بەردەوامی هەبووە، هەتا دوای کوژرانی میر (سەیفەددین

میر حوسێن بەگ)ی سۆران لە شاری ئیستانبووڵ، ئەمەش لە دوای فریودانی لەلایەن میر (یوسف بەگی برادۆست)، کە سەردانێکی سوڵتان سلێمانی قانوونیی لە شاری ئیستانبۆڵ بکات و ڕەزامەندی ئەو بەدەستبهێنێت دوای ئەوەی قەڵەمڕەوی سۆرانی لە داسنییەکان سەندبۆوە(بدلیسی، ٢٠١٧، ٤٤٤)، هەر لەم سەروبەندەشدا باس لە کوشتنی (حوسێن بەگی داسن)ی لەلایەن (سوڵتان سلێمانی قانوون) ی لە شاری ئیستانبۆڵ کراوە، بە بیانووی لە دەستدانی خاکی میرنشینی سۆران بە تایبەتی (سەنجەقی هەولێر)، کە لەلایەن سوڵتانی عوسمانی بە ناوبراو بەخشرابووە(بدلیسی، ٢٠١٧: ٤٤٢-٤٤٣)، بەڵام لە نوێترین توێژینەوەی زانستییدا و پاڵپشت بە فەرمانەکانی نێو دەفتەری کارە گرنگەکان (مهمە دفتری) ی دیوانی سوڵتانی عوسمانیی سەلمێندراوە، کە (حوسێن بەگی داسن)ی تاوەکو ساڵی (١٥٦٤) لە ژیان دابووە، هەتا دوای ئەوەی ناوچەکانی میرنشینی سۆرانیشی لەدەست داوە، بەڵام خۆی و کوڕەکانی چەندین بەرپرسیاریەتییان لە دەوڵەتی عوسمانیی وەك میری سەنجەق لە ناوچەکانی کوردستان، وڵاتی شام و عێراق وەرگرتووە(حسن، ٢٠٢٢: ١١٩-١٢٣).

سەرەڕای دوورکەوتنەوەی (حوسێن بەگی داسن)ی لە ناوچەی خۆشناوەتیی و سەنجەقی هەولێر و کوژرانی میر(سەیفەددینی میر حوسێن بەگ)ی سۆران، بەڵام جارێکی تر داسنییەکان قەڵەمڕەوی ناوچەی سۆران، هەولێر، شەقڵاوە و سماقولیان گرتەوە دەست، بەڵام بۆ دواجار لەلایەن (قولی بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی میری سەید)ی، کە برازای میر (عیزەددین شێر-١٥٣٥)بووە، بە تەواویی چارەنووسی ناوچەکانی میرنشینی سۆرانی لەدەستی فەرمانڕەواییانی داسنی ڕزگارکردووە، بۆیە توانی میراتی میرنشینی سۆران لە سەروەری (دەسەڵات و خاك) بۆ خاوەندارە ڕاستەقینەکانی بگەڕێنێتەوە، ئەمەش دوای پێشکەشکردنی داوا نامەیەك لەلایەن (سوڵتان حوسێن ١٥٣٣-١٥٧٣)ی میری میرنیشنی بەهدینان بۆ (سوڵتان سلێمانی قانوون)ی بۆ گەڕاندنەوەی (قولی بەگ) لە ناوچەی سەماوەی سەر بە ویلایەتی بەسرای خوارووی عێراق بۆ میرنشینی سۆران بە تایبەتی (ناوچەی خۆشناوەتیی)، بۆیە لەکۆتاییدا سوڵتانی عوسمانیی ڕەزامەندی نواند و ناوچەی هەریری بە ناوبراوی بەخشیەوە(بدلیسی، ٢٠١٧: ٤٤٥).

شایانی باسە؛ دوای ماوەیەك لە گەڕانەوەی (قولی بەگ) و حوکمڕانیکردنی میرنشینی سۆران کۆچی دوایی دەکات و کوڕەکەی (بوداق بەگ) لە (شەقڵاوە) میرایەتیی میرنشینی سۆرانی کردووە، بەڵام ناکۆکیەکی توند کەوتۆتە نێوان ناوبراو و براکانی بە هۆی دەسیسەی سیخوڕ و پیلانگێڕەکانەوە، ئەمجارە میر (بوداق بەگ) وەك باوکی پەنای بۆ (سوڵتان حوسێن)ی میرنشینی بەهدینان برد، بەڵامئەو پەنا بردنەی بۆ ناوبراو دادی نەدا، چونکە نەیتوانی بۆ سەر کورسی دەسەڵات لە میرنشینی سۆران بگەڕێتەوە و هەر بۆیە لە شارۆچکەی ئاکرێ کۆچی دوایی کرد، لە ئەنجامدا براکەی (سلێمان بەگ) حوکمی ناوچەکەی کەوتە دەست(بدلیسی، ٢٠١٧: ٤٤٦). ئەم هەموو پێکدادانە ناوخۆیی و دەرەکیەی نێوان میرنشینی سۆران و داسنی لەلایەك، هەروەها میرنشینی سۆران و دەوڵەتی عوسمانیی و ململانێی ناوخۆیی نێوان میراتگرانی میرنشینی سۆران هۆکار گەلێك بوون، کە ناوچەی خۆشناوەتیی بە تایبەتیی ناوەندە ژیاری و کارگێڕییەکانی وەك؛ شەقڵاوە بکەوێتە چەقی ئەو ململانێیانەی ئاماژەیانپێکرا، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ چۆڵبوونی ناوچەکە لە دانیشتووان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی، هەژاریی، برسێتیی، ئاوارە بوون، کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر

لە جڤاکە ئاینیەکانی کوردستان وەك جوو و کریستیانەکان، کە زیاتر روویان لە شارەکانی وەك: کۆیە و هەولێر کردووە، بە تایبەتییش لەسەردەمی هاتنی (نادر شای ئەفشار)ی بۆ سەر تەختی حوکمڕانی لە ئێراندا (١٧٣٦-١٧٤٧ز)، ئەمەش لە دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی سەفەویی لە (١٧٢٢) و پارچە پارچەبوونی ئێران بەهۆی هێرشی هۆزە ئەفغانییەکان و ململانێی گروپە جڤاکییەکانی (خان و خێڵەکان)ی ناوخۆیی وڵاتی ئێران لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات، هەروەها هەژموونکردنی سەربازیی عوسمانییەکان بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی خاکی ئێران، هەر بۆیە لە ڕۆژانی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٧٤٤ تا ٤ی کانوونی دووەمی ١٧٤٥، سوڵتانی عوسمانیی فەرمانێکی هاوبەشی بۆ دوو میری هۆزی خۆشناو بەناوەکانی (مەحموود بەگ و یەحیا بەگ) ناردووە بە ئامانجی ئاسانکاریی و هاوکارییکردنی سوپای عوسمانیی، کە ویستوویەتی بە ڕێگەی هەولێر-شەقڵاوە-ڕواندز بۆ مەراغە لە ئێران بەسەرکردایەتیی والیی موسڵ (عەبدولجەلیل پاشا)تێپەڕێت، بە مەبەستی سەرکوتکردنی بزاوت و ڕاپەڕینی خێڵەکان لە ناوچەکانی مەراغە و ساباڵاغ (مەهاباد)، چونکە لەو سەروبەندەدا دەوڵەتی عوسمانیی نزیکەی چل ناوچەی فراوانی لەخاکی ئێران خستبوویە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەم فەرمانەدا داوای ملکەچبوونی هۆزی خۆشناوی کردووە، لەبەرئەوەی هۆزەکە لە سەر ڕێگەی هێزی عوسمانییەکان بووە، کە ویستوویەتی هەڵمەتە سەربازییەکەی لە ئێران بکات(A.DVNS.MHM.Defter No:١٥١, Hüküm No:١٢٩ S. ٤٩).

شایانی باسە؛ لە فەرمانێکی تری سوڵتانی عوسمانیی (مەحموودی یەکەم ١٧٣٠-١٧٥٤) لە ڕۆژانی (٢٥)ی کانوونی دووەم تا (٢)ی شوباتی(١٧٤٥)ز کە بۆ بەگەکانی هۆزی خۆشناوی ناردووە، تێیدا باسی باب و باپیرانی بەگەکانی هۆزەکەی کردووە، کە چۆن خزمەتی دەوڵەتی بەرزی عوسمانییان کردوە، ئەمەش بە مەبەستی کۆکردنەوەی (دە) هەزار سەرباز لە ئەیالەت، میری سەنجەقەکان، فەرمانڕەوا و خێڵەکانی کوردستان و بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموون و هێرشە یەك لە دوا یەکەکانی (نادر شای ئەفشار)ی بۆ سەر خاك و دەوڵەتی عوسمانیی، لەم نێوەشدا خاکی ئەیالەتێکی وەك: شارەزوور کە هۆزی خۆشناو لە سنووری ئەم ئەیالەتەدا نیشتەجێ ببوو، ئەم فەرمانەی سوڵتانی عوسمانیی لەسەدەی هەژدەهەمدا بەڵگەیە لە سەر هەبوونی سێ تیرەکەی هۆزی خۆشناو، کە هەر یەکێك لە تیرەکان سەرۆکێکی خۆی هەبووە، وەك ئەوەی لە بەڵگەنامەکەدا نووسراوە(بەگەکانی خۆشناو-خوشناو بکلرینەلر)( A.DVNS.MHM.Defter No:١٥١, Hüküm No:٢٣٦ S. ٨٩-٩١)

سەرەڕای شەڕ و ململانێی دەوڵەتی عوسمانیی و قاجاری ئەوا بە بەردەوامی بەشێك لەناوچەکانی خۆشناوەتیی لە سەردەمی حوکمڕانی میرنشینی بابان و سۆران، کەوتونەتە ململانێی نێوان ئەم دوو میرنشینە و دەوڵەتی عوسمانیی و قاجاری، بۆیە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی (١٨١٤)ز، مەحموود پاشای بابان، نامەیەکی بۆ سوڵتان (مەحموودی دووەم ١٨٠٨-١٨٣٩)ی عوسمانیی ناردووە، لەبەشی دووەمی نامەکەیدا بەمشێوەیە هەستی سوپاسگوزاریی بۆ سوڵتانی ناوبراو دەربڕیوە، کە ناوچەکانی کۆیە و هەریر کە دوو مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی هۆزی خۆشناو بوونە لە ڕووی کارگێڕیی و دانیشتوانەوە بە میرنشینی بابان بەخشراوە و ئەنووسێ:

«بیورلدی[فەرمانی سوڵتانی] شەریفتان کردبووە مەرحەمەت و نیشانەی چاوپۆشین و لێبووردنی ئەم بەندە پڕ لە رابردوو هەڵەیە، کە بە بنچینە هەر بەندە و گەرد و تەمی هەستی بەخشندەشتان

بەرامبەر بەم کەمینەیە، نیشانەی بەزەیی و دڵنەرمیی گۆڕیووەوە و دەسەڵاتی ناوچەکانی: بابان و کۆیە و هەریر-تان بەم نۆکەرە گیانبازە بەخشیبووە»(حەمەباقی، ٢٠٠٢:٧٠)،

شایانی باسە؛ (ولیام ئینسۆرث)، لە ساڵی (١٨٣٧ز) گەشتێکی لە بەغداوە بۆ ئیستانبووڵ بەناوچەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتیی بۆ ناوچەکانی کەرکوك، سلێمانی، هەولێر و بادینان کردووە، گەشتەکەی ئینسۆرث لەلایەن جەنڕاڵ (فرانچیس ڕۆدن چێسنی)، وەك پاشکۆیەك لە کتێبەکەیدا بڵاویکردۆتەوە، کە باسی چەند قەڵایەك لەناوچەی شەقڵاوە و گۆمەسپانی کردووە و نووسیویەتی:

لە دوای شاری کۆیە گەیشتینە ناوچەیەك بە دوورایی شانزە میل لە شارەکەوە دوور بووە، پێیاندەگوت گوندی سووسە (Susa) و ئەوێمان بڕی، بەدووری بیست و دوو میل لە هەمان شوێنەوە گەیشتینە دەربەند و پەڕینەوە لە چۆڵاییەکی زۆر تەسك و تەنگەبەر کە ڕێگەیەکی تەسك و جۆگەلە ئاوێکی پێیدا دەڕۆیشت، ئەم تەنگەبەرە بە قەڵایەکی بچووك پارێزراوە، کە لەلایەن میری یاخیبوویی ڕواندز لە ساڵی ١٨٣٢ بنیاتنراوە، قەڵایەکی هاوشێوەی تریش هەیە کە چوارگۆشەیەکی بازنەیی هەیە کە تاوەرەکانی لە قوولەکانی هەن لە نزیکەی باکووری خۆرئاوا هەڵکەوتووە. لە دەروازەی دەربەند خۆمان لە گوندێك دۆزیەوە کە پێیاندەگوت بوومەسپان(گۆمەسپان_BUMASPAN)، لەو شوێنەدا و لەناو ئەو گوندەی کە جوتیارانی سەخاوەت مەند و میوان دۆستی کورد لێمان پاڵدایەوە.( Ainsworth:١٨٦٨. ٥٠٦).

شایانی باسە؛ ناوچەی خۆشناوەتیی لە پشتیوانیان بۆ سەرهەڵدانەکەی (میر ئیسماعیل پاشا ١٨٣٥-١٨٤٢) دوا میری میرنشینی بەهدینان کردوە، ئەمەش لەدوای ناردنی چەند نامەیەك لە بەهاری (١٨٤٢)ز لەلایەن میری ناوبراو بە زمانی فارسی بۆ سەرجەم دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی بەهدینان و سۆران، چونکە دوو نامەی میر ( ئیسماعیل پاشا)ی ئامێدی گەیشتوونەتە دەستی میر (موحەممەد بەگ)ی خۆشناو لە کۆیە و میر (سلێمان بەگ) حوکمڕانی ناوچەی خۆشناوەتیی، هەر بۆیە بە پێی نامەکانی والیی مووسڵ (موحەممەد ئینجە بەیرەقدار) کە لە (٢٦)ی نیسانی (١٨٤٢) بۆ ئیستانبووڵی ناردوون،ئاماژەی بە کاریگەریی ئەو نامانەی میری بادینان بۆ سەر ڕەوشی ناوچەکە کردووە، بە تایبەتیی لە هاندانی هۆز و خێڵەکانی ویلایەتی مووسڵ دژ بە دەسەڵاتی عوسمانیی بە تایبەتیش هۆزی خۆشناو(هاکان، ١٥٤-١٥٧: ٢٠١٢).

سەبارەت بە بارودۆخی دانیشتووانی ناوچەی خۆشناوەتیی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوا لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیی باس لە هەبوونی کێشەی دانیشتووانی گوندی هیران، کە ئەو کات سەر بە قەزای کویسەنجەق بووە، لە سەنجەقی شارەزوور (کەرکوك) لە ویلایەتی مووسڵدا و مێژووی بەڵگەنامەکە بۆ ڕۆژی (٣٠)ی نیسانی (١٨٩٨)ز ئەگەڕێتەوە، کە لە بەڵگەنامەکەدا نووسراوە:

«دانیشتووانی گوندی هیران کە سەر بە قەزای کۆی سەنجاقە[کۆیە] کە بەهۆی ئەو ناکۆکیەی لە نێوان دانیشتووانەکەی هەیە، لەبەرفراوانبوونی تا ئێستا لەبارەی نیشتەجێبوونیان هێشتا شتێك نەکراوە»(باجگر، ٢٠١٨: ٢١٨-٢١٩)، ئەمەش لە سەدەکانی پێشووتری دەسەڵاتدارییەتی عوسمانیی دا، پێکدادانی هۆزەکان بەرپێژهیەکی بەرچاو ڕۆڵیان لە تێکدانی سەقامگیریی هەمەلایەنی کۆمەڵێ لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانیی دا هەبووە، بەتایبەتی لە کوردستانیی سەردەمی عوسمانیی ئەو ناجێگیرییەی هۆزەکان بە تایبەتی لە ڕۆیشتنیان بۆ کوێستان و گەرمێن، بەهۆی دابینکردنی بژێوی ژیان،

هەڵاتن لە پێدانی باج و بە سەربازگرتنی زۆرەملێی عوسمانیی، وای لە بەڕێوەبەرانی ناوچەییەکان کردبووە، کە بیر لە نیشتەجێکردنەوەی هەندێك هۆز، یان بەشێك لە هۆزێکی دیاریکراو لەناوچەیەکی تر بکەنەوە، وەك ئەوەی لەناوچەی خۆشناوەتیی لە گوندی هیران ڕوویداوە، بەهۆی پەیدابوونی ناکۆکی لەنێو دانیشتوانی هیران و دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان بۆ بڕاندنەوەی ناکۆکیی نێوانیان بووە لە بەهاری (١٨٩٨ز)دا.

شایانی باسە؛ لە لەدوای دەستپێکردنی سەردەمی تەنزیمات (ڕێکخستنەوەی کاروباری دەوڵەتی عوسمانیی بە ناوەڕۆکێکی چاکسازیخوازانە لە ماوەی ساڵانی (١٨٣٩-١٨٧٦)، سەرۆك هۆزەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانیی مۆرێکی تایبەتیان لەلایەن والییەکانەوە پێبەخشرا بۆ ڕایکردنی کاروباری هۆزەکانیان، بە تایبەتی لە جوڵەی هەر کەسێکی هۆزەکەیان بۆ ناوچەیەکی تر، یان گەڕانەوەی بۆ ژێر سێبەری هۆزەکەی، ئەبوایە لەسەر پارچە کاغەزێك ئاماژە بە گواستنەوەی ماڵ، یان ڕۆیشتنی ئەو کەسە کرابووایە، مۆڵەتی پێبدەن و بەڵێن بدات کە بۆ شوێنەکەی خۆی بگەڕێتەوە (أورهونلو، ٢٠٠٥: ١٦٢)، ئەمەش بە ئامانجی تایبەتی بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی و دابینکردنی ئاسایشی جڤاکیی-خێڵەکیی عوسمانیی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بووە، هەروەها بۆ هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی نوێی بچووککراوە بەناونیشانی (سەرۆك هۆزە ناوچەییەکان) لەدوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان لە کوردستانی سەردەمی عوسمانیی دابووە.

## تەوەری دووەم: کارگێڕیی عوسمانیی لە ناوچەی خۆشناوەتیی:

یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی عوسمانیی بۆ نووسینەوەی مێژووی کوردستان، نووسراوە فەرمییە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی عوسمانییە, لەوانە: تۆمارەکانی دارایی، باج و دەرامەتە هەمە چەشنەکانی عوسمانیی، هەروەها بایەخێکی مێژوویی گرنگییان بۆ زانین و نووسینەوەی مێژووی کارگێڕیی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەیە، وەك: (دەفتەری گشتیی و تێکڕایی ویلایەتیی ئەربیل (هەولێر) ٩٤٩ك-١٥٤٢ز- دفتر تحرير مفصل و إجمال ولاية أربيل ٩٤٩هـ/١٥٤٢م). کە ئاماژەی بە ناوچەکانی خۆشناوەتیی کردووە، کە لە چوارچێوەی ناحیەکانی دوین و هەریر بووە, کە لە رووی کارگێڕیی عوسمانییەوە سەر بە ویلایەتی ئەربیل (هەولێر) بووە، لە ناوەڕۆکی ئەم دەفتەرەدا ئاماژەی بە گوندی شەقڵاوە کردوە، کە سەر بە ناحیەی هەریر(حرير)بووە، کە بەمشێوەیە باسی کردوە:

«گوندی شەقڵاوە سەر بە ناحیەی هەریر، داهاتی خەمڵێنراو ٣٤١١ ئاقچە(نزیکەی دوو لیرە و نیو زێڕ)بووە، لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەیفەددینی(میر سەیفەدین کوڕی میر حوسێن کوڕی پیر بوداق) وڵاتی کوردان، لە ئێستادا یاخییە (لە دەوڵەتی عوسمانیی) نەتواندرا لەسەری (شەقڵاوە) بنووسرێت، لەبەرئەوە تۆمارکردنی ئەم بڕە خەمڵێنراوە».(مراد، ٢٠١٥: ٥٢)، مەبەستی لە یاخیبوونی میر (سەیفەددین)ی میری میرنشینی سۆرانە، وەك لە تەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ناکۆکیّ و ململانێیی سێ لایەنە لەناوچەی خۆشناوەتیی لەنێوان میرنشینی سۆران و داسنییەکان لەلایەك، هەروەها میرنشینی سۆران و دەوڵەتی عوسمانیی لەلایەکی تر کرا، کە بۆ ماوەی چل ساڵ بەردەوامی هەبووە، هەروەها لەم دەفتەرەدا باس لە داهاتی مەڕوماڵات، سەرانە و باجی سەر ئاژەڵ (باجی مەڕانە)یکردوە، لەم نێوەندەدا ئاماژە بە کۆمەڵەی گراوییەکان لەناوچەی خۆشناوەتیی کردوە، کە

ناوی سەرۆك خێزانەکانی گوندی گرِاوی نووسیوە، دانیشتوانی گوندەکەی بە (٥٠) خانوو خەمڵاندووە، کە لەم ژمارەیە(٤٧)یان خێزاندار بوونە، تەنها سێ کەس سەڵت بوونە، کە باجی سەرخێزانەکان (٥٤٦)ئاقچە بووە، باجی سەر سەڵتەکان (١٨) ئاقچە بووە، باجی سەر ئاژەڵ (١١٥٢) ئاقچە بووە، باجی جۆراوجۆر و هاوسەرگیریی (٤١٥) ئاقچە بووەه، واتە کۆی گشتیی (٢١٤٩) ئاقچە بووە.(مراد، ٢٠١٥: ٨٨), لە خستنەڕووی ئەم ژمارانە لەناوچەی خۆشناوەتیی نیشانەی پەرەسەندنێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی گەشەسەندوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەهەم دەرئەخات: یەکەم: دانیشتووانی گوندی گرِاو لەسەر کار و داهاتی گوندەکەیان ژیاون، کە کاری سەرەکییان بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانیی باجێکی زۆری لێسەندوون، لە رووی کۆمەڵایەتیی زۆرینەی دانیشتوانی گوندی گرِاو خێزاندار بوونە، ئەم کارەیان باجی هاتۆتە سەر و سەڵتەکانیش بە هەمان شێوە شێوە، بۆیە لەم ماوەیەدا ڕێژەیەکی زۆر لە گرِاوییەکان کاری هاوسەرگیریان کرد بێت، کە نزیکەی (٤١٥) ئاقچە بووە بە دەرامەت و باجی خەزێنەی دەوڵەتی عوسمانیی، کە لەلایەن دانیشتووانی گوندی گرِاو بە خەزێنەی دەوڵەتی ناوبراو دراوە، هەر لە زانیارییە بە نرخەکانی نێو ئەم دەفتەرە، ئاماژە بە گەڕەکی جووەکانی ناو شاری هەولێر ئەکات، بەناوی گەڕەکی جولەکان (محلة اليهود)، لەم گەڕەکەدا بە پێی هاتنی شوێنی جووەکان دابەشکاریی کراوە، لەوانە: کۆمەڵەی هەریر (جماعة حريرلو)، کۆمەڵەی دوین (جماعه دوينلو)، کۆمەڵەی شەقڵاوە (جماعة شقلاول أو شقلاوە لو)، کە بەناوی (معلم مقصود بن سيتى) دەست پێ ئەکات بە (موسى بن بنيامين) کۆتایی دێت(مراد، ٢٠١٥: ١٣٨)، وادیارە لە سەدەی شانزەهەمدا ناوچەی خۆشناوەتیی بزاوتی کۆچکردنی دانیشتوانی لە گوند بەرەو شاری بەخۆیەوە بینیووە، ئەمەش بۆ زیاتر لە دوو هۆکار ئەگەڕێتەوە، یەکەم: جووەکان خاوەن پیشە و کاری پیشەی دەستیی بوون، بە واتایەکی تر خاوەن سەرمایەی ماددیی و کارزانیی خۆیان بوونە، بۆیە بەرەو هەولێر کۆچیان کردوە، کەواتە: بە دوای شوێنێکی لە بار و ئارام بۆ کارکردن و بازرگانیی گەڕاون، یان هەر بە ئارەزووی خۆیان کۆچیان لەناوچەی خۆشناوەتیی بۆ شاری هەولێر کردووە، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، چونکە کۆچکردنی کۆمەڵێکی ئایینیی خاوەن پیشە و کارساز بە تایبەتیی لەو سەردەمەدا زۆر ئاسان نەبووە. دووەم: لەسەدەی شانزەهەم ناوچەکانی کوردستان و خۆشناوەتیش تووشی ململانێ و لەشکرکێشی عوسمانیی و سەفەویی بووە.

هەر لەسەدەی شانزەهەمدا لەلایەن میر شەرەفخانی بدلیسی و لە کتێبی شەرەفنامە ناوی شەقڵاوە بە (شقاباد) هاتووە، ئەم شێوە ناو هاتنەی شەقڵاوە لەژێر کاریگەریی نووسەرە لە پێشینەکانی خۆی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتر دەربارەی کوردستانیان نووسیوە، لەوانە: (یاقوتی ئەلحەمەوی). بۆیە لە سەردەمی میر (سەیدی کوڕی شاە عەلی بەگ)ی میرنشینی سۆران، شەقڵاوە بووە بە پایتەختی میرنشینەکە و کارگێڕیی ناوچەیەکی بەرفراوانی لە سەنجەقەکانی مووسڵ و هەولێر (ئەربیل) و کەرکوکیی بە میرنشینەکەیەوە لکاندوە بە تایبەتیی دوای کوشتنی (پیر بوداق)ی میرنشینی بابان لە تۆڵەی (عیسا)ی برای کە لەسەر ناوچەی سماقولی کوژرا بووە، هەروەها سەرکەوتنی بەسەر (سەفەوییەکان-قزڵباشەکان) و لە ئەنجامدا توانی تەواوی ناوچەکانی تریش بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی،(بدليسی، ٢٠٠٦: ٢٦٥). هەروەها ناوی شەقڵاوە لە دەفتەرێکی ساڵانەی دارایی عوسمانیی بە (شقلاوا) تۆمارکراوە، کە مێژووەکەی بۆ ڕۆژی (٦)ی تەشرینی دووەمی (١٥٩٠)ز ئەگەڕێتەوە، کە تیایدا شەقڵاوە گوندێکی سەر

بەناحیـەی دویـن لـە لیـوای هەریـر (حریـر) لـە ئەیالەتـی شـارەزوور بـووە، کـە داهاتـی گونـدی شـەقڵاوە تەنها لـە سـاڵی(١٥٩٠-١٥٩١) نزیکـەی (٣٤٦١) ئاقچـە بـووە، کـە کـۆی داهاتـی ناحیـەی دویـن لـە سـاڵی (١٥٩٠-١٥٩١)زدا نزیکـەی (٤٠٧٧٠٨) ئاقچـە بـووە، (BOA:DFE-RZ-d١٢٨, ٩١٦)، ئەمـەش بـۆ ئەوکاتـی سـەرمایەکی گـەورە بـووە, کـە تەنهـا لـە سـاڵێکدا ئـەو داهاتـەی زۆرەی ناحیـەی دویـن و شـەقڵاوە بـە خەزێنـەی دەوڵەتـی عوسـمانییان داوە.

مێـژووی پەرەسـەندنی کارگێڕیـی عوسـمانیی لـە ناوچـەی خۆشـناوەتیی، لەسـەرچاوە عوسـمانییەکان بـە چەنـد شـێوازێك ئامـاژەی پێکـراوە، لەوانـە لـە کتێبـی یاسـاکانی ئالـی عوسـمان کـە لـە دانانـی عەلـی چـاوش سـوفیەوی (قوانیـن ال عثـمان ١٠٦٤هــ_١٦٥٣م)، واتـە لەسـەدەی حەڤدەهەمـدا، لەنـاو پەیکـەری کارگێڕیـی ئەیالەتـی شـارەزوور (شـهرزول)دابووە، ئەیالەتـی ناوبـراو لـەو کاتـدا لـە نـۆزدە سـەنجەق پێکهاتبـووە، یەکێـک لـە سـەنجەقەکان، هەریر و دویـن (حریـر و دویـن) بـووە، (اوغلـی، ٢٠٠٠: ٦٩٠)، کـە ناوچـەی خۆشـناوەتیی یەکێـك لـە یەکـە کارگێڕییەکانـی نێـو سـەنجەقی هەریـر و دویـن بـووە، بۆیـە لـە زۆربـەی نووسراوەکانـی عوسـمانیی بـە تایبەتیـی لـە سـەدەی شـانزەهەم تاوەکـو سـەدەی هەژدەهەمـدا، نـاوی ئـەم دوو شـوێنە بەیەکـەوە هاتـوون، ئەمـەش بەهـۆکاری پایتەختبـوون، یـان ناوەندییبوونـی دەسـەڵاتدارییەتی ئـەم دوو شـوێنە بەسـەر ناوچـەی خۆشـناوەتیی و دەوروبەریـدا.

بـە هەمـان شـێوە شـێوە لـە پێـش هاتنەکایـەی کارگێڕیـی دەوڵەتـی عوسـمانیی لـە سـەدەی شـانزەهەمدا، ناوچەکانـی خۆشـناوەتیی بـە پێـی فەرمانەکانـی سـوڵتانی چ لـە نـووسراوی سـەربەخۆ، یـان دەفتـەری کارە گرنگـەکان (مهمـه دفـتریMühimme Defteri)لەنێـوان سـاڵانی (١٥٤٤)، (١٥٤٩) و (١٥٥١)، تاوەکـو (١٦٠٧)،(١٦٣١)،(١٦٤٢)،(١٧٠٢) و(١٧٤٠) (بیـات، ٢٠٠٧: ٢٩٦-٣١٤)، لیوایـەك (پارێزگای ئێستا) بـووە لـە ئەیالەتی شـارەزوور، یـان بەغـدا، بەناوەکانی لیـوای هەریـر و دویـن، یـان حکومەتـی سـۆران، کـە بـۆ میرنشـینی سـۆران گەڕێندراوەتـەوە، کـە مەڵبەنـدی حکومڕانـی میرنشـینەکە بـووە، زۆربـەی زانیارییـە کارگێڕییـەکان لـە مـاوەی سـاڵانی (١٧٤٠-١٨٤٩) دیـار نییـە (بیـات، ٢٠٠٧:٣١٥) ئەمـەش مـاوەی نزیکـەی سـەد سـاڵ زیاتر ئـەکات. ئەمـەش لـە ئەنجامـی چەنـد هۆکارێـك لەوانـە: زاڵبوونـی دەسـەڵاتی میرنشـینەکان لـە مـاوەی ئامـاژە پێکـراودا، بـە تایبەتـی میرنشـینەکانی سـۆران و بابـان لـە ناوچـەی خۆشـناوەتیی بەگشـتی بـووە, بـەڵام لـە ئەنجامـی گـەڕان بەنـاو سـەرچاوەکانی عوسـمانیی بـۆ خستنەڕووی پەرەسـەندنی مێـژووی کارگێڕیـی ناوچـەی خۆشـناوەتیی لەسـەردەمی عوسـمانییەکاندا، کـە بایەخێکـی گـەورەی بـۆ نووسـینەوەی مێـژووی ناوچـەی خۆشـناوەتیی هەیـە، یەکێـك لەسـەرچاوە پـڕ بەهاکانـی عوسـمانیی: (سـیاحتنامەی حـدود)ە، کـە لەلایـەن (موحەممـەد خورشـید پاشـا) لـە مـاوەی (١٨٤٨-١٨٥٢) نـووسراوە، ناوبـراو ئەندامـی لیژنـەی داڕشـتنەوەی سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانیی و قاجـاری (ئێران)بـووە، ئەمـەش لـەدوای ڕێککەوتننامـەی ئەرزەڕۆمـی دووەم کـە لـە (٣١)ی مایسـی (١٨٤٧) لـە نێـوان هـەر دوو دەوڵـەت مۆرکـراوە، ئـەم کتێبـە وەك ڕاپۆرتێکـی چوارسـەد لاپەڕەیـی پێشکەشـی سـوڵتان (عەبدولمەجیـدی یەکـەم ١٨٣٩_١٨٦١) کـراوە، کـە بـە زمانـی تورکی-عوسـمانیی نـووسراوە، لـەم کتێبـەدا باسـی سـنووری نێودەوڵەتـی (عوسـمانی-قاجاری) و ناوخۆیـی ئەیالەتەکانـی عوسـمانیی، پێکهاتـەی کارگێڕیـی، بارودۆخـی کۆمەڵایەتیی-خێڵـەکان، سـامانی کشـتوکاڵ و ئاژەڵیـی ئـەکات، هەروەهـا بـاس لـە گەرمێـن و کوێسـتان، هـۆز و ژمـارەی گوندەکان و خەڵکـی شـەش ئەیالەتـی دەوڵەتـی عوسـمانیی کـردووە، بـۆ نمونـە:

ئەیالەتەکانی مووسڵ، شارەزوور، وان و بایەزید، سەرەڕای باسکردن لە ئەیالەتەکانی بەغدا و بەسرا، ئەوەی پەیوەستە بە ناوچەی خۆشناوەتیی، لە بەشی ئەیالەتی شارەزوور لە سەنجەقی(پارێزگای) کویسەنجەق (کوی سنجق) ئاماژەی پێکراوە، وەك ناحییەکانی خۆشناوەتیی (نواحی خوشناو التابعة لکوی سنجق)، لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ناحیەکان (ناوچەکان)، لەوانەیە مەبەستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەك میر، یان یەك تیرەی ناو هۆزی خۆشناو بوبێت، کاتێك کە نووسیوویەتی: نواحی میر یوسف، واتە: ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر یوسف (میر یوسفی)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتدارییەتی نەوەکانی میر یوسف و تیرەکەی کە دەسەڵاتی بەسەر چەند گوندێکدا هەبووە، کە ئەمە نیشانەی دابەشبوونی خێڵەکی ناوچەکەیە لە مێژووی عوسمانییەکاندا، بۆیە ناحیەکانی خۆشناو بەمشێوەیە تۆمار کراون.

یەکەم: ناحیەی پشت گلی (نواحی بشت کلی)، بیست و حەوت گوند.

دووەم: ناحیەی میر یوسف (نواحی میر یوسف)، بیست و نۆ گوند.

سێیەم: ناحیەی میر مەحمەلی (نواحی میر محملی)، پازدە گوند.

چوارەم: ناحیەی تبیل(نواحی تبیل)، شەش گوند، هەموو ئەم ناحیانە(ناوچانە) لەژێر دەسەڵاتی تەواوی هۆزەکانی خۆشناو و بلباس دابوونە، کە ژمارەیان (٨٦) گوند بووە، ژمارەی ڕەگەزی نێر تیایدا گەیشتۆتە نزیکەی ١٠٠٠ هەزار کەس (باشا، ٢٠٠٩: ٣٢٦)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەر ئەم ژمارانەی خرانەڕوو گرنگە ئاماژە بە کێشەیەکی بنەڕەتی بدرێت کە لە دەوڵەتی عوسمانیی هەبوو، بە تایبەتیی لە پرۆسەی سەرژمێریکردنی دانیشتوان، کە زۆرینەی جار ژمارەی تەواو و ڕاست بە دەست نەهێنراوە، بە تایبەتیی لە رووی دیاریکردنی ڕەگەزی نێر و مێ، ئەمەش بە هۆی بە سەربازگرتنی زۆرەملێ کە پەیڕەوی لێکراوە، بۆیە لەلایەن خەڵکەوە کەمترین ڕەگەزی نێر تۆمارکراوە، بەڵکو زۆرترینی ڕەگەزی مێ تۆمارکراوە، بۆیە دوای وردبوونەوە لە دانیشتووانی (٨٦) گوند، کە تێکڕایی دانیشتووانەکەی (١٠٠٠) کەس بووە. واتە: بۆ هەر گوندێك (١٢) کەس لە ڕەگەزی نێر هەبووە، ئەمەش لەگەڵ راستی جڤاکی کوردیی گونجاو نییە، لەبەرئەوەی کۆمەڵی کوردەواری لە دوای نەتەوەی عەرەب لە ناوچەکەدا قەبارەی خێزانی زۆر گەورەتر بووە، وا دیارە هەردوو هۆزی ناوبراو (گوندەکانیان) بە جۆرێك تێکەڵاو و لە یەکتر نزیکبووە، هەر چەندە کۆی یەکەی کارگێڕیی ناوچەکە بە ناوی خۆشناو تۆمارکراوە، کە ئەم ناوەش بۆ هۆزی خۆشناو ئەگەڕێتەوە، بەڵام ناوچەکانی بیتوێن کە هۆزی خۆشناو بەشێکیان تیایدا نیشتەجێبوونە، لەهەمان سەرچاوە ئاماژە بە ناحیەکانی بیتوێن کردووە، کە سەر بە کویسەنجەق (نواحی بتوین التابعة لکوی سنجق) بوونە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەش تۆمارکراوە:

یەکەم: تیرەی سن یەکێ لە خێڵەکانی بڵباس (قبیلة سن أحد عشائر بلباس)، حەوت گوند.

دووەم: تیرەی پیران ( قبیلة یسی ورك قصة)، سێ گوند.

سێیەم: تایفەی عەبدان ئاغا لە بڵباسەکان (طائفة عبدان أغا من بلباس)، پێنج گوند, بۆیە کۆی گشتی گوندەکانی ناحیەی بیتوێن پانزە گوند بوونە(باشا، ٢٠٠٩: ٣٢٦). کەواتە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم، لە ناحیەکانی(ناوچەکانی) بیتوێن، هۆزی بڵباس، بە چڕی دانیشتووی ناوچەکە بوونە، بۆیە ئەم ناوچەیە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی تێکەڵاوی لە هەر دوو هۆزی خۆشناو و بڵباس هەبووە, بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، شاری شەقڵاوە وەك ناوەندی ناحیە و بەڕێوەبردنی کارگێڕیی هۆزی خۆشناو لە

کتێبـی (قاموسئەعلامی شەمسەدین سـامی)ی ناسـێنراوە، کـە ناحییەیەکـی سـەر بـە قـەزای کویسـەنجەق بـووە، بـەڵام ژمـارەی گوندەکانـی نەنووسـیووە، بەڵکـو لەگـەڵ قـەزای کویسـەنجەق بەگشـتی هەژمـار کـردووە، کـە ژمارەیـان (٢٥٢) گونـد بـووە، ناوبـراو لەوەسـفی شـەقڵاوە نووسـیوویەتی:»ناوەندی ناحیەیـە، لـە کۆنـەوە بـە تـرێ و شـەڕاب ناوبانگـی بـووە، هـەوای مەیلـە و ساردیش بـێ، زۆر سازگارە«(سـامی، ٢٠١٠: ٢٨٧-٢٨٨), بـەڵام لەگەشـتەکەی جـۆن گـۆردن لۆریمـەر(١٨٧٠-١٩١٤) کـە بەهاوڕێیەتیـی (سی.جی.گاسـکین) کـە بەڕێوەبەرێکـی بازرگانیـی ئینگلیـز بـووە لـە نوێنەرایەتیـی ئیمپراتۆریـای بریتانیـی لـە شـاری بەغـدا ئـەوا (لۆریمەر)یـش کـە دیپلۆمـات و کارپێسـپێردراوێکی حکومەتـی بریتانیـی هینـدی بـووە لـە ڕۆژانـی ١٨-٣٠ی نیسـانی ١٩١٠ لەناوچـەی شـەقڵاوە ماوەتـەوە، کـە ئەرکـی سـەرەکی ئـەم گەڕیدەیـە کۆکردنـەوەی زانیـاری تۆپۆگرافیـا (سروشـتی ناوچەیەکـی جیۆگرافـی) دیاریکـراو بـووە لەسـەر باشـووری کوردسـتان کـە ئەوکاتـە بەشـێك بـووە لـە دەوڵەتـی عوسـمانیی، لـە دواتـردا لـە سـاڵی (١٩١٣) ئـەم گەشـتەی لـە کتێبێکـدا بەناونیشـانی:(ڕاپۆرتی گەشـتێك لـە تورکیـای عەرەبـی و کوردسـتاندا لـە نیسـان و مایسـی ١٩١٠-Report on a Tour in Turkish Arabia and Kurdistan April-May ١٩١٠) بڵاوکردۆتـەوە، بۆیـە دەربـارەی خۆشـناوەتیی و شـەقڵاوە زانیاریـی وردی تۆمارکـردوە، کـە نووسـیویەتی:

»گونـدی شـەقڵاوە دەکەوێتـە سـەر لێژاییەکـی سـەختی بـەری باکووری ئـەم چیایە(مەبەسـتی چیـای سـەفینە) چەنـد کانیاوێکـی سـازگار و جـوان لـە تـەك بەرزاییەکـە هەڵدەقوڵێـن، ڕەز و بـاغ و بیسـتانی ئـەو نـاوە تێـر ئـاو دەکـەن. ئـاوی ئـەو کانیاوانـە لـە گوندەکـە بـەرەو دۆڵەکـەی بەردەمـی شـۆڕ دەبنـەوە، دواتـر لـە خۆرئـاواوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات تێدەپـەڕن. لـەم گونـدەدا ٢٣٠ی ماڵـە موسـڵمان هـەن، لەگـەڵ ١٣٠ ماڵـە مەسـیحی کلدانـی کاسـۆلیکی هـەن، پێنـج ماڵـە جـووش هـەن، کـە کاری ڕسـتن و چنیـن دەکـەن. موسـڵمان و کریسـتانەکانیش خەریکـی کاری کشـتوکاڵین و هەندێکیشـیان بـە چنینـی قوماشـەوە خەریکـن. لـەم گونـدەدا سـێ قەشـەی بەمەزهـەب کاسـۆلیك کار دەکـەن. دار ئەسـپیندارەکان بـۆ بەرهەمهێنانـی دار دەچێنرێـن، چەنـد دارێکـی گەورەتریشـی لێیـە. لـەم ناوچەیـەدا سـێ دار چنـاری گـەورەی لێیـە، بچووکترینیـان تیرەکـەی ١٨ پێیـە. هەروەهـا دار تووێکـی گـەورەش لـەم نـاوە هەیـە تیرەکـەی ١٣ پێیـە. ئـەو دانەوێڵەیـەی لـەم ناوچەیـەدا بەرهـەم دەهێنرێـن؛ گەنـم، جـۆ، مـاش، هـەرزن لەگـەڵ کونجـی، لۆکـە و توتـن و چەنـد بەروبوومێکـی تـر. جگەلـەوەش چەنـد میوەیەکـی تـر لـەم نـاوە هـەن، وەك تـوو، تـرێ، سـێو، خـۆخ و چەندیـن میـوەی تـر. پێنـج ئاشـی لێیـە، کـە بـە ئـاوی کانیـاوەکان کاردەکـەن. لەگـەڵ ئـەو هەمـوو سەرچاوەش(مەبەسـت لـە بوونـی ئـەم هەمـوو بەرهەمـەی دەسـت و کشـتوکاڵ و میـوە هەیـە) ناوچەکـەش هـەژاری پێـوە دیارە..»!(لۆریمـەر، ٢٠٢٠: ١٠٧-١٠٨)، بـە وردبووەونـەوە لـە زانیارییەکانی(لۆریمـەر) لەسـەر ناوچـەی خۆشـناوەتیی و شـەقڵاوە، کـە ئـەوکات گوندێکـی نزیـك بـە (٣٦٥) خانـوو بـووە، کـە پێکهاتبـووە لـە موسـڵمان و مەسـیحی و جـوو، کـە هـەرە کەمترینـی کەمینـەی ئاینـی و کۆمەڵایەتیـی جـووەکان بوونـە، سـەرەڕای ئـەوەی ئەگـەر هـەر خێزانێـك لـە پێنـج کـەس پێکهاتبێـت، ئـەوا ژمـارەی دانیشـتوانەکەی نزیکـەی (١٨٢٥) کـەس بـووە، کەواتـە؛ شـەقڵاوە تەنهـا ناوەندەکـەی نزیکـەی دوو هـەزار کـەس بـووە، پێنـج ئاشـی بـۆ بەرهەمەکانـی دانەوێڵـە هەبـووە، بێجگـە لەهەبوونـی بەرهەمێکـی زۆری میـوە و کاری چنیـن و بەرهەمـی دەسـتکرد، کـە ڕەوانـەی بـازاڕی شـارەکانی تـر کـراوە، یـان ئـەو گەشـتیارانەی ئەوروپـی کـە لـە شـاری مووسـڵ نیشـتەجێ بوونـە لـە سـەدەی نۆزدەهـەم و بیسـتەم، لـە

بۆنەکانیاندا بە ئامانجی گەشتیاری هاتوونەتە شەقڵاوە، وەك (لۆریمەر) ئاماژەی پێئەکات, کە گەشتیارەکان بە چەند قۆناغێک لە مووسڵ بۆ شەقڵاوە هاتوون، هەروەك لۆریمەر لە (نازم پاشا)ی والیی ئەوکاتەی بەغدای بیستووە, کە لەداهاتوودا بیرۆکەی ئەوەیان هەبووە، کە شەقڵاوە بکرێت بە شوێنێکی گەشتیاری و فەرمانگەیەکی تەلەگرافی بۆ دابمەزرێنرێت، بەڵام وادیارە کە (لۆریمەر) گەیشتۆتە ناوچەکە، هیچ کام لەم بیرۆکانە جێبەجێ نەکرابوونە، بۆیە (لۆریمەر) درێژە بە نووسینی بیرۆکەکانی داوە, کە ئەگەر هێڵی شەمەندۆفێری بەغدا-هەولێر بکەوێتەکار، ئەوا شەقڵاوە (٢٤) کاتژمێر لە شارەکانی بەغدا و مووسڵ نزیکتر ئەبوویەوە، هەروەها لەوانە بوو ژیانی چینی سەرمایەداران و بەرپرسە باڵاکانی تورکی بگۆڕیبایە، هەر چەندە ناوبراو لە چینی فەرمانبەرانی تورك بێ هیوا بووە کە بیرکردنەوەیان بگۆڕدرێت، چونکە هیچ بیرکردنەوەیەکیان نەبووە، هەروەها ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەگەر شەقڵاوە بکرێت بە ناوچەیەکی گەشتیاری، ئەوا هەمان تایبەتمەندی ناوچە گەشتیارییەکانی ساکیساریی لە زنجیرە چیاکانی خۆرئاوای سۆڵتیی لە هەرێمی پەنجابی هیندستان دائەبووە.(لۆریمەر، ٢٠٢٠: ١٠٨-١١٠).

## تەوەری سێیەم: ناوچەی خۆشناوەتیی لە ساڵنامەکانی عوسمانیی دا:

وشەی ساڵنامە لە زمانی عوسمانیی دا بە مانای کتێب، یان کتێبی ساڵ هاتووە، لە زمانی ئینگلیزی گوزارشتە لە (Year Book)، لە زمانی عەرەبیی (كتاب السنة)، لە نێو ئەم ساڵنامانەدا باسی بارودۆخی گشتی ناوچە دیاریکراوەکانی ناو پەیکەری کارگێڕیی عوسمانی کراوە (بیات، ٢٠٠٣: ٢٠٥). لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی دا چەند جۆرێك لە ساڵنامە لە ماوەی نێوان(١٨٤٧-١٩١٨) بڵاوکراونەتەوە، کە هەر یەکێك لەم ساڵنامانە بە پێی تایبەتمەندیی و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیی دەرچوون، وەك ساڵنامەکانی گشتیی بەناوی ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی، ساڵنامەکانی وەزارەتی دەرەوە, ئەوقاف و مەعاریف (پەروەردە) و سەربازیی و ساڵنامەی ویلایەتەکان، وەك: بەغدا و مووسڵ (گەلاڵەیی, ٢٠١٧: ٢٣٠) بەشێك لەم ساڵنامانە، ئاماژە بەکارگێڕیی ناوچەی خۆشناوەتیی لە نێو دەوڵەتی عوسمانیی دا ئەکەن.

مێژووی کارگێڕیی ناوچەی خۆشناوەتیی پەیوەستە بە بەڕێوەبردن و یەکە کارگێڕییەکانی نێو ئەیالەتی شارەزوور کە لە ماوەی نێوان(١٥٦٤) تا تشرینی یەکەمی (١٧٧٩) بەردەوامی هەبووە، هەروەها دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەیالەتەکە یەکە کارگێڕییەکانی خرانە سەر ئەیالەتی بەغدا، دواتر ئەیالەتی شارەزوور لە (١٨٤٩) پێکهێنرایەوە تا (٥)ی ئەیلولی(١٨٥٢) بەردەوامی هەبووە، بەڵام لەجاری دووەم کە ئەیالەتەکە هەڵوەشێندرایەوە لەگەڵ ئەیالەتی بەغداد بەناوێکی نوێ پێکهێنرانەوە، کە پێیاندەگووت: ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور (آيالت بغداد مع شهرزول), هەر بۆیە بەپێی ئەو ساڵنامانەی دەوڵەتی عوسمانیي بەردەستن, بۆ یەکەمجار لە ساڵنامەی ساڵی ١٢٦٦ك/١٨٤٩، کارگێڕیی ناوچەی خۆشناوەتیی کە سەر بە سەنجەقی کۆیسەنجەق لە ئەیالەتی بەغدا ئاماژەی پێکراوە، ناوچەی خۆشناوەتیی لەسەر بنەمای دابەشبوونی تیرەکان لە هۆزی خۆشناوەتیی، وەك یەکەیەکی کارگێڕیی ناو هێنراون، وەك یەکەکانی: میر موحەممەدی (میر مەحمەلی)، میر یوسفی، هەروەها ناوچە و گوندەکانی وەك: سکتان، بیتوێن، سماقولی، شەقڵاوە و دەوروبەری(بیات، ٢٠٠٧: ٣١٥-٣١٦), هەروەها لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانییش لە ساڵی (١٨٥٠) ئاماژە بە کارگێڕیی ناوچەی خۆشناوەتیی کراوە و بەشێك بووە لە سەنجەقی

کوێسەنجەق سەر بە ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور، کە چەند ناوچەیەکی سەرەکی وەك: سماقولی، سکتان، شەقڵاوە و دەوروبەری لە خۆگرتبووە، هەروەها ناوهێنانی تیرە سەرەکییەکانی خۆشناوەتیی و دانانیان لە چوارچێوەی یەکەیەکی کارگێڕییدا، وەك: میر موحەممەد (میر مەحمەلی) و میر یوسفی، کە هەموو ئەم ناوچانە وەک یەکەیەکی کارگێڕیی بەشێك بوونە لە سەنجەقی کۆیە(سالنامە، ١٢٦٦: ٨٨), بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عوسمانیی لە(١٨٥١) هەموو یەکە کارگێڕییەکانی عێراق لەژێر ناوی ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور یەکخران، بە ئامانجی جێبەجێکردنی فەرمانی چاکسازی لە دەوڵەتی عوسمانیی کە ئەوکاتی بەختی گوڵخانە ناسرابوو، کە لە (٣)ی تشرینی دووەمی(١٨٣٩) لە پایتەختی دەوڵەتی ناوبراو بۆ جێبەجێکردن خوێندرابوویەوە، بۆیە یەکەکارگێڕییەکانی ناوچەی خۆشناوەتیی خرانە سەر کۆیە و هەریر لە سەنجەقی شارەزوور لە ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزووردا(بیات، ٢٠٠٧: ٣١٦).

شایانی باسە؛ بە شێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاریی کارگێڕیی لە دەوڵەتی عوسمانیی هاتۆتە ئاراوە، بە تایبەتیی لە هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتەکان و یەکخستنی چەند ویلایەتێك لەیەك ویلایەتی گەورەدا، وەك هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتەکانی بەسرا، شارەزوور و مووسڵ، یەکخستنیان لەنێو ویلایەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور، دواتر ناوی شارەزوور لە ناوی ویلایەتەکە دەکرێتەوە، تەنها ناوی ویلایەتی بەغدا دەمێنێتەوە لە ماوەی سالانی (١٨٧٢) تاوەکو (١٨٧٩)، دوایش لە ساڵی (١٨٧٩) ویلایەتەکانی مووسڵ و بەسرا جارێکی تر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیی پێکهێنرانەوە، بۆیە لە گۆڕانکارییەکانی ساڵی (١٢٧١-١٨٥٤)، ناوچەی خۆشناوەتیی لە چوارچێوەی ئەیالەتی بەغدا لەگەڵ شارەزوور هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە، بەڵکو سەنجەقی کوێسەنجەق هەڵوەشێندراوەتەوە، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی قەزایەکی نوێ لەگەڵ قەزاکانی هەولێر، هەریر و قەزای ناوەندی ڕواندز لە سەنجەقی ڕواندزدا پێکهێنراوەتەوە(سالنامە، ١٢٧١: ٩١)، بەڵام لە ساڵنامەی (١٢٧٢-١٨٥٥) بۆ جارێکی تر ناوچەی خۆشناوەتیی لە رووی کارگێڕییەوە لە سەنجەقی ڕواندز پچڕێندراوە و خراوەتەوە سەر سەنجەقی کەرکوك، هەروەها بە دوو شێوەی جیاواز ئاماژەی پێکراوە، یەکەمیان، ناوی بالیسان وەك قەزایەك لە ناوچەی خۆشناوەتیی لە دوای قەزای هەولێر وەك ناوچەیەکی کارگێڕیی هاتووە، کە یەکێك بووە لە نۆ قەزاکەی نێو سەنجەقی کەرکوك، دووەمیان: خۆشناو، پشت گلی (پشت کری) و میر موحەممەدی(میر مەحمەلی)، میر یوسفی، سکتان و شەقڵاوە وەك ناحیە و ناوچەکانی قەزای کویسەنجەق ئاماژەیان پێکراوە.(سالنامە، ١٢٧٢: ١٠٥-١٠٦)، لە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیی تا سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئاماژە بەناوی هیچ والییی، میری سەنجەق، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لەسەرجەم ویلایەتەکاندا نەکردوە، وەك لە ساڵنامەکانی ١٢٧٣-١٨٥٥، ١٢٧٤-١٨٥٦، ١٢٧٦-١٨٥٨، ١٢٧٧-١٨٥٩، ١٢٧٨-١٨٦٠، ١٢٧٩-١٨٦١، ١٢٨٠-١٨٦٢، هەروەها لەم ساڵنامانەدا بە هەمان شێوە شێوە زانیارییە کارگێڕییەکانی ساڵنامەی ١٢٧٢-١٨٥٤ دووبارە کراونەتەوە، (سالنامە، ١٢٧٣: ١١١-١١٢، سالنامە، ١٢٧٤: ١١٩-١٢٠، سالنامە، ١٢٧٦: ١٤٩-١٥٠، سالنامە، ١٢٧٧: ١٥٤-١٥٥، سالنامە ١٢٧٨: ب.ص، سالنامە، ١٢٧٩: ١٦٢-١٦٣، سالنامە، ١٢٨٠: ١٨٦-١٨٧).

شایانی ئاماژە پێکردنە؛ ناوچەی خۆشناوەتیی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەدوای دەرچوونی قانوونی کارگێڕیی عوسمانیی، بە تایبەتی لە ڕێکخستنەوە و دارشتنەوەی پەیکەری نوێی ویلایەتەکان لە ساڵی(١٨٦٤)دا، کە بەمشێوەیە بووە: ویلایەت، سەنجەق، قەزا, ناحیە و گوند، بەڵام ناوچەی خۆشناوەتیی

هەر لە چوارچێوەی ویلایەتی بەغدا مایەوە، بەڵام وەك ناحیەیەك لە قەزای کویسەنجەق (کۆیە)ی سەر بە سەنجەقی شارەزوور، وەك قەزاکانی: هەولێر، پشدەر و دارەبیان..هتد مایەوە (سالنامە، ١٢٨٩: ٢٥٤)، لە تۆمارە رەسمییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی، کە ساڵنامە یەکێکە لەو تۆمارە بایەخدارانە، بەردەوام ناوچەی خۆشناوەتیی وەك یەکەیەکی کارگێڕیی و خێڵەکی لە نێو سیستەمی پەرەسەندووی بەڕێوەبردنی عوسمانیی دا ماوەتەوە، هەر بۆیە ئاڵوگۆڕ بەسەر هەندێ ناوەندی کارگێڕییدا هاتووە، ئەمەش زۆرجار لە دەرئەنجامی ناسەقامگیریی دەوڵەتی عوسمانیی لە رووی سیاسیی، سەربازیی و ئابوورییەوە بووە، هەروەها ئەو ململانێی لە سەر داهاتووی ناوچەکان و سەرهەڵدانی یاخیبوون و پەرچەکرداری چەکداری هۆزەکان ئەو گۆڕانکارییانە هاتوونەتە ئاراوە..!

لە تۆمارە رەسمییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵنامەی ویلایەتەکان گرنکییەکی زۆریان لە رووی دەسکەوتنی زانیاریی ورد هەیە، لەسەر کۆی یەکە کارگێڕییەکانی هەر ویلایەتێك، لە گەورەترین تا بچووکترین یەکەی کارگێڕیی، هەروەها لە ساڵنامەکانی ویلایەتی بەغدا لە ماوەی ساڵانی(١٨٧٥-١٩٠٧) کە لەبەردەستی توێژەردان, بۆیە لە ساڵنامەی ویلایەتی ناوبراو لە ساڵی (١٢٩٢-١٨٧٥) ناوچەی خۆشناوەتیی، بە تایبەتی بالیسان وەك ناحییەکی سەر بەقەزای کویسەنجەق لە سەنجەقی شارەزوور لە ویلایەتی بەغدا بووە، هەروەها لە هەمان ساڵنامەدا ئاماژە بە فەرمانبەرانی باج و دەرامەتی عوسمانیی کردوە، بەڵام یەك کەس ناوی هێنراوە کە (ئەحمەد ئەفەندی) بووە، کە فەرمانبەری باج و دەرامەتی ناحیەی بالیسان بووە. بەڵام بە هییچ شێوەیەك باس لە پەیکەری کارگێڕیی و بەڕێوەبەرانی ناحیەی بالیسان ناکات(بغداد، ١٢٩٢: ٩٥)، ناوهێنانی ئەو فەرمانبەرەی باج و دەرامەت لەناوچەی بالیسان، ئاماژەییەکی مێژوویی گرنگە، کە ناوچەیەکی بەرهەمدار بووە لە سامانی ئاژەڵ و بەرهەمی کشتوکاڵیدا، بەڵام لە کتێبی (جغرافیة الممالك العثمانیة) کە لە نووسینی (عەلی صائیب ئەلنەقیبە) لە ساڵی (١٣٠٤-١٨٨٦) لە شاری ئیستانبووڵ بە زمانی تورکیی عوسمانیی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، وەك کتێبێکی پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە دەربارەی سەرجەم ویلایەتەکانی عوسمانیی توێژینەوەی وردی لەبارەی مێژوو و جیۆگرافیاوە کردووە، لە باسی ویلایەتی مووسڵدا، لەبەشی سەنجەقی شارەزوور کە تیایدا باس لە قەزای کۆیە و ناحیەکانی کردوە، بەڵام تەنها ئاماژە بەناحیەی بالیسانی کردوە، کە بەمشێوەیە دەقی کردووە (ناحیە بالاسان) (صائب، ٢٠١٨: ٢٥٢)، هەرچەندە لە ساڵنامەکانی پێشووتری عوسمانیی دا کە ئاماژەیان پێکراوە، ناوی شەقڵاوە دەهێنرێت، وادیارە ئەو گۆڕانکارییانە لە دەوڵەتی عوسمانیی لە رووی گۆڕین، یان هەڵوەشاندنەوەی یەکەی کارگێڕیی لە چوارچێوەی گشتیی ویلایەتەکاندا، کارێکی بیرۆکراسی کارگێڕیی ئەوکاتی عوسمانیی بووە.

شایانی باسە؛ ساڵنامەکانی ویلایەتی مووسڵ، کە لە ماوەی ساڵانی (١٨٩٠-١٩١٢) پێنج ژمارەی دەرچوێندراوە، زانیاریی وردی لەسەر لایەنەکانی ژیاری، کارگێڕیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، خوێندەواریی، بازرگانیی و سەربازیی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان تۆمارکردووە، بەڵام لە دوو ژمارەی ساڵنامەکانی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵانی(١٨٩٠ - ١٨٩٢) ئاماژە بە یەکەی کارگێڕیی و بارودۆخی هەمەلایەنەی ناوچەی خۆشناوەتیی نەکردوە، بەڵام لە ساڵنامەی (١٨٩٤) ئاماژە بە ناوی ناحیەی شەقڵاوە کردوە، کە ناحیەیەکی سەر بەقەزای کۆیە لە سەنجەقی شارەزوور لە ویلایەتی مووسڵ دابووە، کە ناوی بەڕێوەبەری ناحیە

(شەوقی ئەفەندی) بووە، هەروەها نووسەری ناحیە (حاجی ئەمین ئەفەندی) بووە(موصل، ١٣١٢: ١٧٣).

لە ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵی (١٣٢٥-١٩٠٧)، زانیاریی وردتر لەسەر ناوچەی خۆشناوەتیی تۆمارکراوە، ئاماژە بە هێزێکی سەربازی عوسمانیی کردوە، کە لە شەقڵاوە ئامادەییان هەبووە، لەلایەن نۆ پلەداری سەربازیی عوسمانیی سەرکردایەتی کراوە، کە ئەمانە بوونە:

موحەممەد ئەفەندی: بیکباشی-بینباشی (فەرماندەی ١٠٠٠ سەرباز).

موحەممەد بێگ: قول اغاسی(قول اغاسی: رائید: فەرماندەی هێز-فەرماندەی فەوج)

عەبدولقادر ئەفەندی: طابوور کاتبی(نووسەر هێز-قەڵەمی هێز)

حەبیب ئەفەندی: ملازم اول (مولازمی یەکەم)

ئەحمەد ئەفەندی:ایکنجی بلوك یوزباشی(یوزباشی: نەقیب، فەرماندەی هێزی دووەم)

موحەممەد ئەفەندی: ملازم اول(مولازمی یەکەم)

موبارەك ئەفەندی: ملازم اول(مولازمی یەکەم)

موحەممەد سەعید: ملازم اول (مولازمی یەکەم) (موصل، ١٣٢٥: ١٨٧).

شایانی باسە؛ هەر لە ساڵنامەی ساڵی (١٩٠٧)ی ویلایەتی مووسڵ، لە باسی قەزای کۆیە لە رووی جیۆگرافیی، مێژوویی، کارگێڕیی، کۆمەڵایەتیی و ئابوورییدا، ئاماژە بە هەردوو ناحیەی شەقڵاوە و بالیسانی کردوە، کە لە چوارچێوەی کارگێڕیی قەزای کۆیە دابوونە، بەڵام لە پەیکەری کارگێڕیی قەزای کۆیە، تەنها ئاماژە بە ناوی ناحیەی شەقڵاوە کراوە، بەڵام باسی لە پەیکەری کارگێڕیی ناحیەی بالیسان نەکردوە، هەروەها بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بەوەکالەت بووە، بەناوی (بایەزید بەگ=بایز بەگ) و نووسەری ناحیەی (سەید ئیبراهیم ئەفەندی) بووە(موصل، ١٣٢٥: ٢٢٢). بۆیە لە گەشتنامەکەی (جۆن گۆردن لۆریمەر) بە دیار ئەکەوێت کە (بایەزید بەگ=بایز بەگ) بەوەکالەت مودیری ناحیەی شەقڵاوە بووە، ئەمەش بە پێی ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی (١٩٠٧)، بۆیە لە بنەڕەتدا (بایەزید بەگ=بایز بەگ) میری ناوچەی خۆشناوەتیی بووە و لە شەقڵاوە دانیشتبووە، کەواتە ناوبراو لە ساڵی (١٩٠٧) بەوەکالەت بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە بووە، هەروەها میری ناوچەی خۆشناوەتییش بووە و تاوەکو دواتر کەسێکی تر بۆ پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەکە نێردراوە، دوای ئەوەی (جۆن گۆردۆن لۆریمەر) لە ماوەی گەشتەکەیدا بۆ باشووری کوردستان بۆ ڕۆژانی (١٨-٣٠)ی نیسانی (١٩١٠) لە شەقڵاوە و ناوچەی خۆشناوەتیی دەمێنێتەوە، ئاماژە بەوە ئەکات کە میر وبەرپرسی ئەم ناوچەیە ناوی (بایەزید بەگ) بووە و ژیانێکی شایستەی هەبووە و دەنووسێت:

«میر و بەرپرسی ئەو ناوچەیە ناوی بایەزید بەگ[بایز بەگ]بووە، کوردێکی خۆشناو بووە. پێدەچوو ژیانێکی شایستە بباتە سەر، تاڕادەیەکی بەرچاو سیستەمی دەرەبەگایەتی پەیڕەو دەکرد، مودیری تورکیی شەقڵاوە، تورکێکی ناوچەی ڕومەیلان بووە بەناوی تەوفیق، هیچ کاریگەرییەکی خۆجێی نەبووە، پێدەچوو پشت بە میری ناوچەکە ببەستێت و لەژێر سەرپەرشتی ئەو دابێت»(لۆریمەر، ٢٠٢٠: ١٠٨)، بەڵام لە کۆتا ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵدا، کە لە ساڵی (١٣٣٠-١٩١٢) دەرچووە، قەزای کۆیە کە سەر بەسەنجەقی شارەزوور (کەرکوك) لە ویلایەتی مووسڵ دابووە، تەنها ئاماژە بە ناحیەی شەقڵاوە

کـردوە، لەوانەیـە ناحیـەی بالیسـان هەڵوەشـێندرابێتەوە، چونکـە لـە ناسـاندنی قـەزای کۆیـەدا نـووسراوە, کـە گوندیکـی زۆر لـە رووی کارگێڕییـەوە بـە ناوەنـدی قەزاکـەدا پەیوەسـتە و تەنهـا یـەك ناحیـە لـە قـەزای ئامـاژە پێکـراو هەبـووە، کـە ناحیـەی شـەقڵاوە بـووە، تەنهـا زانیـاری لەسـەر پەیکـەری کارگێڕیـی ناحیـەی شـەقڵاوە نـووسراوە، کـە بەمشـێوەیە بـووە: بەڕێوەبـەری ناحیـە (ڕەمـزی ئەفەنـدی) و نووسـەری ناحیـە (سـەعید ئەفەنـدی) (موصـل، ١٣٣٠: ٢٦١).

## دەرئەنجام:

یەکـەم: ناوچـەی خۆشـناوەتیی لەسـەدەی شـازدەهەمدا بـۆ مـاوەی چـوار دەیـە زیاتـر بـووە بـە ناوچەیەکـی ململانـێ لەسـەرکراو لەلایـەن میراتگرانـی میرنشـینی سـۆران لـە سـاڵی(١٥٣٥-١٥٨٥) و میرنشـینی داسـنی-ئێـزدی کـە لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانیی پشـتگیری کـراون، ئەمـەش ناوچـەی خۆشـناوەتی رووبـەڕووی شـەڕێکی درێژخایـەن کـردەوە, سـەردەمێکی نـا سـەقامگیری لـە رووی سیاسـیی، سـەربازیی، کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی لەناوچەکـە هێنابوویەکایـەوە, بـەڵام لـە ئەنجامـدا میراتگـرانی میرنشـینی سـۆران سـەرکەوتن، هـەر بۆیـەش هەژمـوون و دەسـەڵاتی میرنشـینی داسـنی لـە ناوچـەی خۆشـناوەتیی پاشەکشـەی کـرد.

دووەم: ناوچـەی خۆشـناوەتیی هـەر لـە سـەرەتای هەژموونکـردنی دەوڵەتـی عوسـمانیی، ناوچەیەکـی بایەخپێـدراو بـووە، بـە هاوشـان لەگـەڵ ناوچەکانـی تـری کوردسـتانی سـەردەمی عوسـمانیی، ئـەم بایەخپێدانـە بـۆ هەژموونکردنـی دەسـەڵاتی عوسـمانیی لەناوچەکـە گەڕاوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی لەهەمـوو بسـتێکی خاکـی کوردسـتاندا دەسـەڵاتی ڕەهـای خـۆی بسـەلمێنێت.

سـێیەم: لـە سـاڵنامەکانی دەوڵەتـی عوسـمانیی دا، ئامـاژە بەنـاوی خۆشـناوەتیی وەك هـۆز کـراوە، لەگـەڵ تیـرە و یەکـە کارگێڕییەکانـی وەك شـەقڵاوە، بالیسـان، سـکتان و سـماقولی، بـە شـێوەیەکی بـەردەوام یەکـە کارگێڕییەکانـی ناوچـەی خۆشـناوەتیی یەکخـراون، یـان لـە یەکدابڕێنـدراون و خراونەتـە سـەر سـەنجەقەکانی وەك: کەرکـوك، ڕوانـدز و دواتـر شـارەزوور لـە ویلایەتـی بەغـدا(١٨٧٢-١٨٧٩) و ویلایەتـی مووسـڵ لـە(١٨٧٩-١٩١٨)، بۆیـە لـە تۆمـارە رەسـمییەکانی دەوڵەتـی عوسـمانیی دا بەشـێوەیەکی بەرچـاو ناوچـەی خۆشـناوەتیی و یەکـە کارگێڕییەکانـی بـەردەوام بچووککراونەتـەوە.

چـوارەم: ناوچـەی خۆشـناوەتی سـنوورێکی بەرفـراوانی لـە رووی خـاك و خەڵـک هەبـووە, بـەڵام لـە دەوڵـەتی عوسـمانیی یەکەیەکـی کارگێڕیـی گـەورە و بەهێـزی بـۆ پێکنەهێـناوە, کـە زۆربـەی جـار دەوڵـەتی عوسـمانی دەستپێشـخەری بـۆ سـەرۆک تیرەکانی هـۆزی خۆشـناو کـردوە, لـە راستیدا وەک یەکەیـەک کە جڤاکێکی-خێڵەکییە مامەڵـەی لەگـەڵ کـردووە, نـەوەک وەک یەکەیەکـی کارگێڕیـی سـەربەخۆ, ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لـە سـەر ژیانی جڤاکیـی, ئابووریـی و سیاسـیی ناوچـەی خۆشـناوەتی هەبـووە.

پێنجەم:بەپێـی زانیـاری نێـو سـاڵنامەکانی دەوڵـەتی عوسـمانی هییـچ دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی, تەندروسـتیی, کشـتوکاڵی و داراییـی لـە ناوچـەی خۆشـناوەتی نەبـووە, بـە تایبەتـی لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهـەم, کـە گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە پەیکـەری کارگێڕیـی عوسـمانی هاتەکایـەوە, بـەڵام تەنهـا دامـەزراوەی سـەربازی و یەکـەکانی بەڕێوەبـردن بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی بـاج و دەرامـەت لـە ناوچـەی خۆشـناوەتی ئامادەییـان هەبـووە.

شەشـەم: دەوڵـەتی عوسـمانی هییـچ گرنگیەکـی بەلایـەنی گەشـتیاری لـە ناوچـەی خۆشـناوەتی نـەداوە, چونکـە

چەندین دەستپێشخەری بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی گەشتیاری لە ناوەندی شاری شەقڵاوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبوونە, ئەمە بێجگە لە ڕاکێشانی هێڵی شەمەندۆفێر و تەلەگراف, بەڵام هیچ یەکێک لەم پڕۆژانە جێبەجێنەکراون, بۆیە کاریگەری نەرێنی لە سەر بارودۆخی جڤاکیی-ئابووریی ناوچەی خۆشناوەتی بەجێهێشتووە.

حەوتەم: یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی خۆشناوەتی هەژموونێکی خێڵەکی بە سەریەوە هەبووە, بە تایبەتی لەلایەن سەرۆک تیرەکانی هۆزی خۆشناو لە ماوەی حوکمڕانی عوسمانیی ناوچەی ناوبراو بە روون و ئاشکرایی لە لایەن میر و بەگەکانی سەرۆک تیرەکانی بەڕێوەبردراوە, ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر ڕووداوەکانی ناوچەی خۆشناوەتیی هەبووە, بە تایبەتی لە یەکلاییکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیی و دادوەرییەکانی نێوان خەڵک بە پێوەری خێڵەکیی.

## پەراوێزەکان:

بیکنباشی: کە بە (بینباشی) ئەخوێندرێتەوە و بەتورکی نوێ بەمشێوەیە (Binbaşı) دەنوسرێت، لە زاراوەی سەربازیی عوسمانیی هەبووە و لە ئێستادا بەرانبەر بە (پلەی موقەدەم) ئەکات، کە تانجێك و ئەستێرەیەك نیشانەی سەربازیتی، بەڵام لە دەوڵەتی عوسمانیی دا ئەستێرەیەك لەگەڵ سێ دەسکە گوڵە گەنمی پێچراو بەشێوەیەکی نیمچە بازنەیی کە لوتکەی نیمچە بازنەکە مانگێك و ئەستێرەیەك لە ناویەکتری دابوونە کە نیشانەی سەربازیی بینباشی بووە.

میر مەحمەلی: تیرەیەکن لە هۆزی خۆشناو، بە پێی بۆچوونی نووسەر و پارێزەر (عەبباس ئەلعەزاوی) ئەوەیە، کە باپیرە گەورەی ئەم هۆزە (محمل) بووە، چ وەك ناو یان نازناوی بوویێت، کە لەوانەیە ئەم هەڵگر و لە خۆگرتنی خەڵکی بووە، وەك لە شێوەی حوکمڕانیەکەی بەباشی ڕەنگیدابێتەوە، بۆیە پێی گوتراوە میر مەحمەلی، دواتر ئەو گوندانەی لە ژێر سایەی دابوونە، کەوتونەتە ژێر ناوی تیرەی مەحمەلی، بەهەر حاڵ ناوەندی دەسەڵاتی ئەم تیرەیە شەقڵاوە بووە، کە سەرۆکی ئەم تیرەیە (قادر بەگی مستەفا بەگ)بووە، هەروەها براکەی (ڕەشید بەگ صەدیقی کوڕی قادر بەگ)ی لەدوای باوکی سەر و کاری ئەو تیرەیەی کردوە (العزاوي, ٢٠١٠: ٣٠٩). بەڵام لە گێڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە یەکێ لە کوڕەکانی (ئەمبێزخان ناوی میر محمل)بووە، کە (ئەمبێزخان) بە باپیرە گەورەی هۆزی خۆشناو ئەنرێت، کە هەر سێ تیرەی (میر مەحمەلی و پشتگەلی، یان پشتگەری و میر یوسفی ناوی کوڕەکانی ئەم میر ئەمبێزخانە) بووە، هەروەها وەچەیان خستۆتەوە و پاشان بوونەتە فەرمانڕەوایی ناوچەی خۆشناوەتیی.

میر یوسفی: تیرەیەکن لە هۆزی خۆشناو، یەکێک لە کوڕەکانی (ئەمبێزخان)بووە، کە باپیرە گەورەی خۆشناوان بووە، دوای ئەوەی ناوچەی سنەی بۆ خۆشناوەتیی بەجێهێشتووە بە پێی گێڕانەوەی خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتیی، ناوەندی دەسەڵاتی ئەم تیرەیە، گوندی (بالیسان)بووە، کە ئێستا بووە بە ناوەندی کارگێڕیی ناحیەی بالیسان لە قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر، کە وەك ئەلعەزاوی ئاماژەی پێکردووە کە گوندی بالیسان بە رووبارێکی بچوك دوو بەر (کەرت)بووە، کەرتێکی سەر بە میر یوسفی بووە، کەرتەکەی تری سەر بە تیرەی میر مەحمەلییەوە بووە، گوندەکانی وەك: شێخ وەسانان و بێراوە و خۆران

و سكتان..و چەندانی تر سەر بەناوەندی تیرەی میر یوسفی بوونە..سەرۆكەكانی ئەم تیرەیە هەر یەكە لە (خدر بەگی كوڕی ئەحمەد بەگ)ی بووە، هەروەها (صاڵح بەگ)ی خۆران، دواتر (نافیز بەگی كوڕی صاڵح بەگ)ی خۆران سەرۆكی ئەم تیرەیەی لە ئەستۆ گرتوە. لە كاتی خۆیدا بالیسان سەر بە قەزای كۆیە بووە، هەتا لەسەردەمی عوسمانییەكانیشدا(العزاوي,٢٠١٠: ٣٠٨-٣٠٩).

پشتگلی یان پشتگەری: تیرەیەكن لە هۆزی خۆشناو، بۆیە پێیان دەڵێن (پشت گلی) وادیارە باپیرە گەورەی ئەم تیرەیە، پشتی كووڕ بووە، یان لە پشتی دۆڵێكەوە نیشتەجێ بوونە، وەك عەبباس ئەلعەزاوی بۆچوونی لەسەر دەربڕیوە، ناوەندی دەسەڵاتی ئەم تیرەیە گوندی (بێتواتە) بووە لە قەزای ڕانیە، سەروكاری ئەم هۆزە (ڕەشید بەگی كوڕی ئەحمەد بەگ)ی بووە(العزاوي، ٢٠١٠: ٣٠٨)، بەڵام بە پێی گێرانەوەی باوی ناو خەڵكی لەناوچەی خۆشناوەتیی، پشتگەریی یەكێك لە سێ كوڕەكەی (ئەمبێزخان) بووە، كە ناوبراو دوای ئەوەی لەناوچەی سنە بۆ خۆشناوەتیی كۆچ ئەكات، كوڕەكانی بەسەر ئەو ناوچە فراوانەی خۆشناوەتیی بڵاودەكاتەوە و نیشتەجێیان ئەكات.

گۆپتەپە: مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس لە كتێبی(بناغەی ناوەكان) لەبارەی گۆپ تەپە، نوسیویەتی گود تەپە، كە لە دەستكاری گۆتییەكانە (مودەڕیس، ٢٠٢١: ٨٩)، بەڵام نووسەری ناوبراو مانای وشەكەی لێكنەداوەتەوە كە جیاوازی نێوان ئەوەی كە پێشتر گود تەپە بووە كە چۆن بووە بە گۆپ تەپە..؟ بۆیە لەگەڕانەوەمان بۆ فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی (هەژاری موكریانی)، وشەی گود: ئەم مانایانەی هەیە: خڕ، گرۆڤەر، ئەنگوتكی هەویر، كوتكی گران و زل، تۆپی گەمە (هەژار, ١٣٩١: ٧٠٣)، بۆیە ئەگەینە ئەم دوو ئەنجامە: یەكەم: وشەی گۆپ تەپە: لە بنەڕەتدا وشەیەكی مەغۆلی، یان توركیی عوسمانیی نییە، بەڵكو كوردییە. دووەم: وشەی گود، كە بووە بە گۆپ لە ئەنجامی تێپەڕینی كات، تێكەڵاوبوونی كۆمەڵایەتیی نێوان خەڵك و هۆزە جیاوازەكانی ناوچەكە لە سەر زمانی ئاخاوتن تا ئەمڕۆ ماوەتەوە، هەروەها وشەی تەپ: لە زمانی كوردی ئەم هاومانا و لێكدانەوانەی بۆ هەیە: گرد، تەپۆڵكە، گزی، گەڕ، حیلە، فێ: نەخۆشی فێداری، كۆ، كۆما، كۆگا، تۆپڵەیەك گوی بنیادەم، هێرش، بێدەنگ، وس لەترسان، تۆز و مژ(هەژار, ١٣٩١؛ ١٥٧)، كەواتە: گۆپ تەپە: گود تەپەیە لە بنەڕەتدا، بەمانای گردی خڕ یان تەپۆلكەی خڕ دێت، شایانی باسە؛ گۆپ تەپە لە زمانی توركیی عوسمانیی بەمانای گردی جوانەگا، یان بە تەپولكەی جوانەگایان دێت، كەواتە گردی جوانەگا، هەر بۆ زانیاریی خوێنەران لە باكووری شاری ڕواندز، شاخی سەری جوانەگا هەیە، یان لەناوچەكەدا پێی دەڵێن: سەری جوانەگای. بەڵام وادیارە ناوچەی گۆپ تەپە بە گردی خڕ و تەپۆلكەی زۆر بەناوبانگە. چونكە بەگەڕانەوەمان بۆ گوندی گۆپ تەپە لە ناحیەی ئاغجەلەر لە قەزای چەمچەماڵ، دەبینین گردۆڵكە و گردی خڕی زۆر لەناو گوند و دەردۆری هەنە. بەهەر حاڵ گۆپ تەپە لە ئێستادا گوندێكە لە ناحیەی ئاغجەلەر لە قەزای چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانیدا، لە هێڵی درێژی (٤٤) بە هێڵی پانی (٣٥) دایە، بە سیانزە كیلۆمەتر لە دووری ناوەندی ناحیەی ئاغجەلەر هەڵكەوتوە، ڕووپێویەكەی نزیكەی (٧٠٥٥) دۆنمە، بە پێی ئاماریساڵی (٢٠٠٩)ی حكومەتی هەرێم دانیشتوانەكەی نزیكەی (٨٤٩) كەس بووە، لە عەشیرەتی (شێخ) هەژمار دەكرێن، ناوچەیەكی كشتوكاڵی بەرفراوانی هەیە كە بەرهەمەكانی بریتین لە: گەنم، جۆ، توتن و میوەجات، هەروەها خاوەندارییەتی لە بەخێوكردنی ئاژەڵداری وەك:

ڕەشـەوڵاغ، مـەڕ و بـزن داهەیە(غەفـوور, ٢٠٢٠-ب٢، ٩٦٥).

سـەماوە: لـە سـەر رووبـاری فـوڕات لـە باشـووری عێـراق هەڵکەوتـوە، مەڵبەنـدی پارێـزگای موسـەننایە، بـە بەرهەمەکانـی وەك: خورمـا و برنـج بـە نـاو و دەنگە(المنجـد، ٢٠٠٧: ٣٠٨).

ئەیالـەت: لـە بنەڕەتـدا وشـەی ئەیالـەت لـە (إیالـة) لـە زمانـی عەرەبییـەوە هاتـووە، بەمانـای هەرێمێـك کـە والییـەك فەرمانڕەوایـی ئـەکات، بـەڵام لەنووسراوەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانیی بەمشـێوەیە ئەنـوسرا: (آیالـت)، لـە دەوڵەتـی عوسـمانیی(والیی ئەیالـەت) بەپلـەی (بگلربگـی) واتـە: میـری میران(امیـر الامـراء) دائەمـەزرا، لـە ساڵی (١٥٩١) ئـەو پلەیـە بـە رەسـمی لەدەوڵەتـی ناوبـراو کاری پێکـرا، هەروەهـا لـە ناوەراسـتی سـەدەی شـازدە لـە سـاڵی (١٥٥٠) بەرەوسـەرووتر ئەیالەتـەکان لەلایـەن وەزیـرەکان، یـان ئەوانـەی پێشـووتر ئـەو پلەیـان هەبـووە بەڕێـوە ئەبـردرا، دەوڵەتـی عوسـمانیی بەسـەر نزیکـەی سـی ئەیالـەت لـە سـەرەتای سـەدەی حەڤـدە، تاوەکـو بـەرەو چارەکـی کۆتایـی لـە سـەدەی نـۆزدە دابەشـکرابووە، هـەر ئەیالەتێـك بـۆ سـەر چەنـد سـەنجەقێك دابەشـکرابووە، هـەر سـەنجەقێك لەچەنـد قەزایـەك پێکدەهـات، هـەر قەزایەکیـش چەنـد ناحیەکـی لـە خـۆ ئەگـرت، لـە هـەر ناحییـەك بەدەهـا و سـەدەها گونـد هەبـوون، سـەرئەنجام پەیکـەری ئەیالـەت لـە رووی دابەشـکردنی کارگێڕیـی پێکدەهێنـا. کەواتـە ئەیالەت(آیالـت) لـە دەوڵەتـی عوسـمانیی گەورەتریـن یەکـەی کارگێڕیـی بـووە، بـەڵام لـەدوای ئەنجامدانـی چاکسـازییەکان لـە دەوڵەتـی عوسـمانیی، لـە سـاڵی (١٨٦٤) دەوڵەتـی عوسـمانیی بـە سـوود وەرگرتـن لـە سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی کارگێڕیـی فەرەنسـی، قانوونێکـی نوێـی کارگێڕیـی دەوڵەتـی دەرچوانـد و زاراوەی ئەیالـەت لابـرا و زاراوەی ویلایـەت لـە شـوێنی دانرا(حـلاق و صبـاغ، ٢٠٠٩: ٣١) و (تومـی، ٢٠١١: ٤٧)و (اوغلـو، ٢٠١٩: ٢٥).

هـۆزی بلْبـاس: کۆنفیدراسـیۆنێکی خێلەکییـە کـە پێکدێـت لـە هۆزەکانـی: مەنگـوڕ، مامـەش، پیـران، سـن و ڕەمـەك، مەڵبەندەکەیـان ناوچەکانـی خـوارووی دەریاچـەی ورمـێ بـووە، تـا دواتـر بـە ناوچەکانـی دەوروبـەری شـاری هەولێـر، پشـدەر، بیتوێـن و بنـاری قەندیـل بڵاوبوونـەوە، ئـەم هـۆزە لـە رووی سـامانەوە دەوڵەمەنـد بوونـە بـە هەبوونـی خاکێکـی بـە پیـت، سـامانێکی زۆری ئاژەڵـی کـە ژمارەیەکـی زۆری ڕەوەی سـەر ئاژەڵیـان هەبـووە، هـەر بۆیـە دەوڵەتـی ئێرانـی لـە سـەردەمی سـەفەوی و عوسـمانیی داوای باجیـان لێکـردوون، بـەڵام باجیـان نـەداوە، سـەرکردایەتی ئـەم هـۆزە کۆنفیدراسـیۆنە لەکاتـی خۆیـدا بـەر بنەماڵـەی (کابایـز)، یـان (کابیـز) کەوتـووە کـە تەنهـا لـەو بنەماڵەیـەدا (٢٠٠) کـەس هەبوونـە، هەندێـك لـە لقەکانـی ئـەم هـۆزە وەك مەنگوڕییـەکان لـە ناوچەکانـی ڕانیـە، خۆرئـاوا و باشـووری مەهابـاد تـا ناوچـەی سەردەشـت نیشـتەجێن و مژوڵـی کاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵـدار بوونـە (مـەلا حەسـەن، ٢٠١٩: ٢٢٥-٢٣٤)

گونـدی هیـران: لـە ئێسـتادا شارەدێیە، لـە قـەزای شـەقڵاوە لـە پارێـزگای هەولێـر، ناوەنـدی ناحیـەی هیرانـە، لـە هێڵـی درێـژی (٤٤) پلـە و لـە هێڵـی پانـی (٣٦) پلـە دایـە، نزیکـەی (٧٦) کیلۆمەتـر لەناوەنـدی شـاری هەولێـر دورە. ژمـارەی دانیشـتوانەکەی (١٦٩١)کەسـە بـە پێـی ئامارەکانـی سـاڵی (٢٠٠٩)ی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام کـۆی دانیشـتوانی ناحیـەی هیـران نزیکـەی (٤٦٨٥) هـەزار کەسـە کـە (٢٨) گونـد لەخـۆ دەگرێـت، کـۆی رووبەرەکـەی (٤٩١)کیلۆمەتـری دووجایـە، لـە رووی تۆپۆگرافیـاوە هیـران لـە(١٠٪) دەشـت و لـە (٣٥٪ ) گـرد و لـە(٥٥٪) شـاخ پێکدەهێنێـت، رووبـەری شـیاوی بـۆ کشـتوکاڵکردن (٥٠٢٨٧) دۆنمـە، کـە ئـەم بەرهەمانـەی هەیـە: گەنـم، جـۆ، نـۆك و میوەجـات، هەروەهـا لـە ئاژەڵداریـدا بەرهەمـی هەیـە وەك: مـەڕ،

بـزن و چێڵ(غەفـوور، ٢٠١٥: ٦١٦)

ئاقچـە: لەبنەڕەتـدا وشـەیەکی تورکییـە، بەمانـای پـارەی زیـوی سـپی دێـت، وشـەی ئـاق، واتـە سـپی، پاشـگری (چـە-çe.ça) وەك ئاوەڵناوێـك مانـای سـپی بوونـی پارەکـە تـەواو ئـەکات کـە مـاددەی زیـوی بەسـەریدا زاڵ بـووە، ئاقچـە؛ دراوێکـی عوسـمانیی بـووە، لەسـەردەمی سـوڵتان (ئۆرخانـی کـوڕی سـوڵتانی عوسـمان)ی یەکەمـی دەوڵەتـی عوسـمانیی کـە لـە مـاوەی(١٣٢٦-١٣٦٠) حوکمڕانـی دەوڵەتـی ناوبـراوی کـرد، سـکەی ئاقچـە وەك دراوێکـی عوسـمانیی لـە نێـوان سـاڵانی (١٣٢٨-١٣٢٩) لێـدرا، کـە کێشـی ئاقچـە بەرانبـەر بـە پێنـج قیـرات و سێ دەنـك زێـر بـووە، یـان چارێکـە مسـقاڵێکی زێـر بـووە کـە بەپێـوەری ئەمـڕۆ چـوار گـرام و (٦١٨) میلیگـرام بـووە، هـەر سێ ئاقچەیـەك ئەیکـردە یـەك (پـارە) و هـەر چـل (پـارە) یـەك ئەیکـردە یـەك قـروش، هـەر سـەد قروشـێك ئەیکـردە یـەك لیـرەی زێـری عوسـمانیی، کەواتـە: هـەر(١٣٣٣) هـەزار ئاقچـە ئەیکـردە یـەك لیـرەی زێـر، هەروەهـا دراوی ئاقچـە بـە (ئسـپیر) یـش نـاوزەد ئەکـرا، ئـەم دراوە زیاتـر لـە باجـی ئـەو زەویانـەی سـەربازەکانی عوسـمانیی وەردەگیـرا کـە بـە سیسـتەمی (تیـمار) لـە دەوڵەتـی عوسـمانیی ڕێکخـرا بـوون، لـە هەمـان کاتـدا دراوی ئاقچـەی ناردکـراوی (اقچـە الارسـالية)ی وڵاتـی مـصری هەبـووە کـە داهاتـی سـاڵانەی بـە نەختینەیـی بـۆ سـوڵتانی عوسـمانیی ئەنـارد، هەروەهـا دراوی ئاقچـەی خەزێنـەی هەمایۆنـی لـە شـاری بۆرسـە هەبـووە کـە پارەکانـی بـۆ سـوڵتانی عوسـمانیی ئەنارد(حـلاق و صبـاغ، ٢٠٠٩: ١٣) و (تومـی، ٢٠١١: ٣٥).

جغرافيـة المالـك العثمانيـة: لـە بنەڕەتـدا ئـەم کتێبـە بـە زمانـی تورکیـی عوسـمانیی، کـە ناونیشـانی ڕەسـەنی خـۆی ئەمەیـە (جغرافيـة ممالـك الدولـة العثمانيـة المفصلـة) کـە لـە نووسـینی (علـى صائـب النقيـب)، ناوبـراو مامۆسـتا بـووە لـە قوتابخانـەی ڕوشـدییەی عەسـکەری لـە ئیسـتانبووڵ، هەروەهـا کتێبەکـە لـە سـاڵی (١٨٨٦) لەلایـەن چاپخانـەی (ئەبـو ضيـاء) بڵاوکراوەتـەوە، وادیـارە دوای بڵاوبوونـەوەی ئـەم کتێبـەی ئیمامێکـی پێشـنوێژ خوێـن و حافزێکـی خانەنشـین بەنـاوی (جمعـة بـن أحمـد أبـووە أحمـد الأنطاكـی) لـە شـاری مەدینـەی پیـرۆز، کتێبەکـەی وەرگێـڕاوە لـە زمانـی تورکیـی عوسـمانیی بـۆ سـەر زمانـی عەرەبـی، بـەڵام بڵاونەبۆتـەوە و لـە کتێبخانـەی (مکتبـة الحـرم النبـوی الشريـف) هەڵگیـراوە. دواتـر لـە سـاڵی ٢٠١٨، سێ نووسـەر دێـن ئـەم کتێبـە چـاپ دەکەنـەوە وەك لـە پێشـەکی ئامـاژەی پێدەکـەن کـە داڕشـتنەوەی زمانەوانیـان بـۆ کـردووە لەگـەڵ لابردنـی هەنـدێ هەڵـەی زمانەوانـی، کەچـی لـە بەرگـی یەکەمـی کتێبەکـە، لەلاپـەڕەی ناسـاندن و پێناسـی کتێبەکـە هـەر نـاوی خۆیـان ئەنووسـن، دواتـر نەوەسـتاون لـە لاپـەڕەی یەکەمـی کتێبەکەیـش دیسـان هـەر نـاوی خۆیـان ئەنووسـن کـە ئەمانەن:(الدکتـور أحمـد عبدالوهـاب الشرقـاوي, محمـد عبدالعاطـي, یـاسر أحمـد محمـد)، دوای ئـەوەی کـە پێشـەکیان بـۆ کتێبەکـە نووسـیوە، ئینجـا لـە لاپـەڕە(١٠) خۆیـان نـاوی کتێبەکەیـان داڕشـتۆتەوە و بەمشـێوەیە ئەینووسـننەوە(الجغرافيـة المفصلـة للممالـك الدولـة العثمانيـة)، بۆیـە سێ کاری نەگونجاویـان کـردوە: یەکـەم: ناونیشـانی کتێبەکەیـان بـە دوو شـێوازی جیـاواز دایانڕشـتۆتەوە لـە سـەر بـەرگ بەجۆرێکـە و لـە لاپـەڕە(١٠) بـە جۆرێکـی تـرە، لـە لاپـەڕە (١١) ناونیشـانە ڕەسـەنەکەیان نووسـیوەتەوە، دووەم: نـاوی خۆیـان لەسـەر بـەرگ، لاپـەڕەی ناسـاندنی کتێـب، لاپـەڕەی یەکـەم نووسـیوە، بەبێ ئـەوەی نـاوی نووسـەری ئـەو کتێبـە بنووسـن کـە خـۆی پێـوە مانـدوو کـردوە و بەکورتـی نـاوی خۆیـان وەك ئامادەکار لەسـەر بـەرگ دانـاوە، سـێیەم: نـاوی وەرگێـڕی ئـەم کتێبەیـان نـە لـە سـەر بـەرگ و لاپەڕەکانـی تـر نەنووسـیوە، کـە لـە هەقیقەتـدا ئـەم پڕۆژەیـە لەلایـەن ناوەنـدی ڕۆشـنبیری ئاسـیایی وەك پڕۆژەیەکـی سـەرچاوەی مێـژووی

عوسمانیی ناسێنراوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرسی ئەم کتێبە، بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە: صائب، علي (٢٠١٨): جغرافية الممالك العثمانية, ترجمة: جمعة بن أحمد ابووه احمد الأنطاكي, إعداد: الشرقاوي, احمد عبدالوهاب و الآخرون, ط١, دار البشير للثقافة والعلوم, القاهرة, ص ١-١١.

گوندی سوسێ:گوندێکە لە وڵاتی کۆیە، لە ئێستادا لە چوارچێوەی کارگێڕیی ناحیەی شۆڕش لە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر دایە، بە پێی ئاماری حکومەتی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٩٥) کەس بووە. (غەفوور، ٢٠١٥: ٣٠٥).

گوندی گۆمەسپان: گوندێکە لە ئێستادا لە چوارچێوەی کارگێڕیی قەزای سەڵاحەددین(پیرمام)ە، کە پێشووتر سەر بە قەزای شەقڵاوە بووە لە ناحیەی سەڵاحەددین(پیرمام)، لە پارێزگای هەولێر، بە پێی ئاماری ساڵی (٢٠٠٩)ی حکومەتی کوردستان، ژمارەی دانیشتووانی گوندی گۆمەسپان نزیکەی (٢١٧) کەس بووە (غەفوور، ٢٠١٥: ٥٢٣-٥٢٤).

## لیستی سەرچاوەکان:


### یەکەم: بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە:

سەرۆکایەتیی فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانییOsmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):

١-دەفتەری کارە گرنگەکان(مهمه دفتری):

BOA):A.DVNS.MHM.Defter No:١٥١, Hüküm No:١٢٩, ٢٣٦.

٢-دەفتەری ساڵانەی تیمار و زەعامەت:

BOA): Timar-Zeamet Ruznameç Defteri(DEFF.RZ.), Defter No.١٢٨.

### دووەم: بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:

### (کتێب بەزمانی کوردی):

باجگر، دکتۆر نەوزاد(٢٠١٨): هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیی دا ١٦٦٧-١٩٢٠، وەرگێڕان: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان، هەولێر.

حەمەباقی، محەمەد(٢٠٠٢):میرنشینی ئەردەڵان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەکانی قاجاری دا ١٧٩٩-١٨٤٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

(کتێب بە زمانی عەرەبی):

مراد، أ.د.خليل علي(٢٠١٥): دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية أربيل ٩٤٩هـ/١٥٤٢م, من منشورات الاكاديمية الكردية, أربيل.

### پێنجەم: ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیی:

عثمانیه، سالنامه دولت علیه، ١٢٦٦هـ-[١٨٥٠م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامریده، ده طبع اولتمشدر.

عثمانیه، سالنامه دولت علیه، ١٢٧١هـ-[١٨٥٤م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامریده، ده طبع اولتمشدر.

عثمانیه، سالنامه دولت علیه، ١٢٧٢هـ-[١٨٥٥م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامریده، ده طبع اولتمشدر.

عثمانیه، سالنامه دولت علیه، ١١٢٧٣هـ-[١٨٥٦م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامریده، ده طبع اولتمشدر.

عثمانیه، سالنامه دولت علیه، ١٢٧٤هـ-[١٨٥٧م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامریده، ده طبع اولتمشدر.

عثمانيه، سالنامه دولت عليه، ١٢٧٦هـ-[١٨٥٩م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.
عثمانيه، سالنامه دولت عليه، ١٢٧٧هـ-[١٨٦٠م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.
عثمانيه، سالنامه دولت عليه، ١٢٧٨هـ-[١٨٦١م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.
عثمانيه، سالنامه دولت عليه، ١٢٧٩هـ-[١٨٦٢م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.
عثمانيه، سالنامه دولت عليه، ١٢٨٠هـ-[١٨٦٣م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.
عثمانيه، سالنامه دولت عليه، ١٢٨٩هـ-[١٨٧٢م]: در سعادت[استانبول]، مطبعه عامريده، ده طبع اولتمشدر.

**شەشەم: ساڵنامەکانی ویلایەتی بەغدا:**

سالنامەسی، بغداد: ١٢٩٢هـ-[١٨٧٥م]، دفعه ١، مطبعه ولايت.

**حەوتەم: ساڵنامەکانی ویلایەتی موصل:**

سالنامەسی، موصل ولايتي، ١٣١٢هـ-[١٨٩٤م]: مكتوبي ولايت عرفتلو صادق أفندي، موصل ولايتي مطبعسنده باصلمشدر.
سالنامەسی، موصل ولايتي، ١٣٢٥هـ-[١٩٠٧م]:سالنامه رسميسيدر، مطبعه ولايتده طبع اولتمشدر.
سالنامەسی، موصل ولايتي، ١٣٣٠هـ-[١٩١٢م]:سالنامه رسميسيدر، مطبعه ولايتده طبع اولتمشدر.

**هەشتەم: بڵاوکراوەی فەرمی(حکومەت):**

پلاندانان، وەزارەت(٢٠٠٩): یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**نۆیەم: گەشتنامەی گەڕیدەکان(بەزمانی کوردی):**

لۆریمەر، جۆن گۆردن(٢٠٢٠): سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەر بۆ باشووری کوردستان نیسان و مایسی ١٩١٠، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەوەند سەباح ئەحمەد، پێشەکی و پەراوێزنووسین و پێداچوونەوەی: هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەستنوسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووس، تاران.

**دەیەم: گەشتنامەی گەڕیدەکان(بەزمانی عەرەبی):**

باشا، خورشيد(٢٠٠٩): رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران، ترجمة و تقديم: مصطفى زهران، مراجعة: الصفصافي أحمد القطوري، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
زادة, مطراقى نصوح بن عبدالله(٢٠٠٣): رحلة مطراقى زادة/ لنصوح افندى السلاحي, ترجمة: صبحي ناظم توفيق, تحقيق: د.عماد عبدالسلام رؤوف, المجمع الثقافي-ابووەظبي.

**یانزەهەم: گەشتنامەی گەڕیدەکان(بەزمانی ئینگلیزی):**

Ainsworth,William: Report of A Journey from Bagdad to Constantinople Via Kurdistan 1837 in Francis Rawdon Chesney(1868): Narrative of the Euphrates expedition carried on by order of the British government during the years 1835, 1836, and 1837, London, Longmans, Green, and co.pp492541-.
Sykes, Mark(1908): The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire, The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland,Vol. 38 (Jul. - Dec., 1908), pp. 451486-

**دوانزەهەم: کتێب(بەزمانی کوردی):**


بدلیسی، شەرەف خان(٢٠١٧): شەرەفنامە، بەرگی یەکەم، وەرگێڕ: سەڵاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، سلێمانی.

غەفوور، دکتۆر عەبدوڵڵا (٢٠٠٥): سنوری کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ٢، هەولێر.

غەفوور. د.عەبدوڵڵا(٢٠٢٠): قەزایەکانی سۆران و حەویجە چۆنێتی بە قەزا بوونیان، بەبێ چاپخانە، هەولێر.

محەمەدئەمین، بەختیار(٢٠١٧): خۆشناوەتیی لە سەدەی بیستەمدا، بەرگ١، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

مەلا حەسەن، هیوا(٢٠١٩): مێژووی چەند هۆزێکی کورد، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

مودەریس، عەبدولکەریم(٢٠٢١): بناغەی ناوەکان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: پ.د.عرفان ڕەشید شەریف، چ١، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

هاکان، سینان(٢٠١٢): کورد و بەرخودانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیی دا ١٨١٧-١٨٦٧، وەرگێڕانی لە تورکیەوە: بەکر شوانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.


**سیانزەهەم: کتێب (بەزمانی عەرەبی):**


أورهونلو، جنكيز(٢٠٠٥): إسكان العشائر في الامبراطورية العثمانية, ترجمة: فاروق مصطفى, دار الطليعة الجديدة, دمشق.

اوغلو، نجات كوثر(٢٠١٩): كركوك بأقلام الرحالة ١٥٣٤-١٩٧٦، ط١، دار الحكمة، لندن.

اوغلى، خليل ساحلى(٢٠٠٠): من تاريخ الأقطار العربية فى العهد العثماني بحوث و وثائق و قوانين, مركز الأبحاث للتاريخ و الفنون والثقافة الإسلامية, استانبول.

بابان، جمال(٢٠١٣): أصول أسماء المدن و المواقع العراقية، ج١، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد.

البدليسي، شرف خان(٢٠٠٦): شرفنامه في تاريخ الدول و الإمارات الكردية, ج١, ترجمة: محمد علي عوني, دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع, دمشق_سوريا.

بيات, د.فاضل(٢٠٠٧): الدولة العثمانية في المجال العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

بيات، د.فاضل مهدي(٢٠٠٣): دراسات في تاريخ العرب في العهد العثماني، دار المدار الإسلامي، بيروت-لبنان.

خورشيد، فؤاد حمه(ترجمه و علق عليه ١٩٧٩): العشائر الكردية، مطبعة الحوادث، بغداد.

صائب، علي (٢٠١٨): جغرافية الممالك العثمانية, ترجمة: جمعة بن أحمد ابووه احمد الأنطاكي, إعداد: الشرقاوي, احمد عبدالوهاب و الآخرون, ط١, دار البشير للثقافة والعلوم, القاهرة.

العزاوي, المحامي عباس(٢٠١٠): عشائر العراق, ج١-٢, ط٢, من منشورات مكتبة الحضارات, بيروت-لبنان.

العزاوي, المحامي عباس(٢٠١٠): عشائر العراق, ج٣-٤, ط٢, من منشورات مكتبة الحضارات, بيروت-لبنان.

علي, علي شاكر(٢٠١١): ولاية الموصل العثمانية في القرن السادس عشر, دار غيداء للنشر و التوزيع, عمان.

ويليام ايغلتون(٢٠٠٦): القبائل الكردية، ترجمة: د.احمد محمود خليل، مؤسسة موكريانى للطباعة و النشر, أربيل.

**چواردەهەم: پرۆسیدینگی زانستی:**

گەلالەیی,محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم(٢٠١٧): قەزای ڕواندز لە ساڵنامەکانی عوسمانی دا ١٨٦٢-١٩١٢, پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا, ١٩-٢٠ ئایاری ٢٠١٦, لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران, چاپخانەی شەهاب, هەولێر.

**پانزەهەم: گۆڤاری زانستی:**

حسن، نزار ايوب(٢٠٢٢): الأمير حسين بك الداسني و ابناءه دراسة في سيرتهم الذاتية ودورهم الإداري, مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو, المجلد(١٠), العدد(١).

**شانزەهەم: فەرهەنگ(بەزمانی کوردی):**

سامی، شەمسەددین(٢٠١٠): کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و: ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

غەفور، عەبدوڵلا(٢٠١٥): فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

غەفوور، عەبدوڵلا(٢٠٢٠): فەرهەنگی جوگرافیایی سلێمانی، ب٢، بەبێ چاپخانە، هەولێر.

هەژار، عبدالرحمن شرفكندی(١٣٩١-٢٠١٢): هەنبانە بۆرینە، فرهنگ كردی-فارسی، چ٨، سروش انتشارات صدا وسيمای جمهوری اسلامی ايران، تهران.

**حەڤدەهەم: فەرهەنگ(بەزمانی عەرەبی)**

تومي, حبيب(٢٠١١): معجم الألفاظ المحكية المشتركة بين العربية والكردية والتركية والفارسية, ط١, منشورات دار اراس للبطاعة والنشر, أربيل.

حلاق, د.حسان و صباغ, د.عباس(٢٠٠٩): المعجم الجامع في المصطلحات العثمانية، دار النهضة العربية, بيروت-لبنان.

المنجد(٢٠٠٧): في اللغة و الأعلام, ط٤٢, دار المشرق, بيروت-لبنان.

## ملخص

## منطقة «خوشناوتى»في التاريخ الإداري للدولة العثمانية

منطقة خوشناوةتى؛ هي وحدة اجتماعية قبلية كان لها تأثير كبير على الأحداث في القرن التاسع عشر, كما أنها تأثرت بالتغيرات السياسية, والإدارية, والاقتصادية والاجتماعية التي طرأت على كوردستان العثمانية, ومن الجدير بالذكر إن سياسة الدولة العثمانية تجاه مناطق كوردستان بشكل عام ومنطقة سوران بشكل خاص قد تغيرت ولا سيما أن سوران كانت تشكل قلب السلطة في إمارة سوران من القرن السادس عشر حتى تاريخ انهيار الإمارة، وقبل ذلك بقرون وحتى ما بعد انهيار الإمارة؛ كانت عشيرة خوشناو ومازالت تسكن المنطقة. إن السياسية العثمانية كانت قد تغيرت تجاه المواطنين وسكان المناطق التي خضعت لنفوذ الإمارات الكردية في العقد الثالث من القرن التاسع عشر, وبالتالي فقد تم إعادة هيمنة الدولة العثمانية على المناطق الكوردية، واستمرت هذه السياسة حتى منتصف القرن التاسع عشر. وقد عمد الجيش العثماني إلى السيطرة على الإمارات الكوردية بالقوة وبسط السلطة المركزية العثمانية على كوردستان وبخاصة منطقة «خوشناوتى». ولفترات طويلة شكلت مدينة شقلاوة وقرية باليسان مركزين أساسيين لمنطقة «خوشناوتى». ويتردد ذكر

اسم عشيرة «خوشناوتي» بكثرة في وثائق و(سالنامات) الدولة العثمانية العائدة للفترة (١٨٤٧ - ١٩١٢)، لا سيما (سالنامت) كل من ولاية بغداد و ولاية الموصل.

في هذا البحث نسلط الضوء على مسألة التغيرات والتطورات التي طرأت على الإدارة العثمانية لمنطقة «خوشناوتي» في الفترة (١٨٤٨ - ١٩١٢)، أي ما يقارب أكثر من نصف قرن من وجود واستمرارية السلطة العثمانية في المنطقة. والواقع أن هذا الجانب لم يأخذ حظه الكافي من الدراسة في الكتابات المهتمة بتاريخ الكورد الحديث، ولا سيما ما يتعلق بالنواحي الإدارية للدول المحتلة في كوردستان بعد انهيار الدولة العباسية في (١٢٥٨م).ويحاول البحث رصد تاريخ بسط السلطة الإدارية، وإدارة المناطق، وأسلوب هذه الإدارة وكيفية تأسيس هيكلية إدارية والتغيرات الحاصلة خلال فترة الحكم العثماني في كوردستان عامة ومنطقة خوشناوتي على وجه الخصوص، حيث لم يقدم الباحثون الكورد – وللأسف – الكثير من البحوث الدقيقة حول المناحي الإدارية للدول المحتلة. وأرجو أن يفتح هذا البحث المتواضع الباب لكتابة البحوث الأكاديمية في هذا المجال.

**الكلمات الدالة: الدولة العثمانية, الموصل, كويسنجق, شقلاوة, خوشناوتي, سالنامه.**

# Khoshnawati district in the history of the administration of the Ottoman State

## Abstract

Khoshnawati region; The social unit of tribalism had a great influence on the events in the nineteenth century, and it was affected by the political, administrative, economic, and social changes that directed these changes to Ottoman Kurdistan, and it is worth noting that the Ottoman state's political change towards the regions of Kurdistan as a whole, especially for the Soran region, which was the heart of the power of the Emirate of Soran.

The sixteenth-century until today its decline, and from the previous centuries until after the collapse of the aforementioned emirate in which the Khoshnaw clan lived and to this day, the Ottoman policy changed towards the citizens and inhabitants of the regions that the Kurdish Emirates dominated in the third decade of the nineteenth century, and for this reason the application or rather the re-hegemony The Ottoman state to the Kurdish regions and this policy continues until the middle of the aforementioned century, and the Ottoman army forcibly controlled the Kurdish Emirates and the Ottoman central authority returned to Kurdistan and the Khoshnawa region in particular, and in a lot of time the city of Shaqlawa and the village of Balisan are the centers of the Khoshnawati region, the name of the Khoshnawati clan was present more Several times, between the years 18471912-, in the documents and Salname(Book year) of the Ottoman Empire, in particular In

Salname(Book Year), such as, the state of Baghdad and Mosul.
In this research we focused on the development of the Ottoman administration in the administrative and local history of the Khoshnawati region between the years 18481912- AD, and this period is approximately for more than half a century and the development of the Ottoman administrative and authority continues in the mentioned area, so from the principle of writing the modern history of the Kurds, especially the history of the local, it is possible To say in a way at least shed light on the civilization aspects of the occupation countries in Kurdistan after the collapse of the Abbasid state in 1258 AD, especially from the aspect of administrative development and administration in the regions of Kurdistan in terms, methods, method or administrative structure and their changes over time under the Ottoman authority in all Kurdistan and Khoshnawati region in particular that Within the framework of this research presented, and unfortunately Kurdish researchers of less than a degree did not provide a lot of accurate research in order to study the civilization and administration of the occupied countries of Kurdistan to the Kurdish Research Library..Hence, we present this modest research to open the door to writing accurate research in this field in the future, God willing.

**Keywords: the Ottoman Empire, Mosul, Koysanjak, Shaqlawa, Khoshnawati, Salname.**